نەژاد عزیز سورمێ

# درەختی بنکۆڵ کراو
# پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسیانە بۆ باری
# رووناکبیری و کولتووریی کوردی
# 1994 -1975



- درەختی بنکۆڵ کراو
پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسیانە بۆ باری
رووناکبیری و کولتووریی کوردی
- بەرگ: نووسەر خۆی
- جێبەجێکردن: شکار نەقشبەندی
- کاری کۆمپیوتەر: سەنگەر حسێن–سامان تاهیر
- چاپی دووەم: 2006
- ژمارەی سپاردن:
- چاپخانەی: وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان–هەولێر

**نەژاد عزیز سورمێ**

# درەختی بنکۆڵ کراو
# پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسیانە بۆ باری رووناکبیری و کولتووریی کوردی
# 1994-1975



-WDWš g}Ä

ئەم چەند وردە وتارە کە پێشتر لەوەخت و سات و شوێنی جیا جیادا بڵاوم کردوونەتەوە، ئەگەرچی بە هەناسەیەکی رۆژنامەنووسیەوە نووسراون، بەڵام کەش و هەوای ناوەرۆکیان بایی خۆیان بەهای بەڵگەنامەیی پێداون.

بۆچوون و هەڵوێستی نووسەرەکە کە پێی وایە بە ئەمانەت و بەگیانی بە هەند هەڵگرتن و بە پێویست زانینەوە لە هەلومەرجێکی بەرتەسکی وەک ئەمڕۆدا ئەم چەند دێرە کەلێنێکی بچووک پڕ بکاتەوە .. بەو ئومێدەی لە بارو بوارێکی سەقام گرتوودا، ئەم مەسەلانەو هی هەڵایساو و کاریگەرتریش کە پەیوەندیان بە لەپێش چاو گرتنی ئاسۆی ئایندەمانەوە هەیە هەقی تەواوی خۆی بدرێتێ.

**نووسەر**
**1995/3/25**

## سەرەقەڵەمێک بۆ مێژوو

**«ئەم وتارە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٩١ بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی- (رێگا ئازادی) پاشانیش لە بەرنامەی ئەدەب و رۆشنبیری کە بەتەکلیفی- یەکێتی نووسەرانی کوردستانی ئەوسا ئامادە و پێشکەشم دەکردو لە هەردوو ئیستگەی دەنگی کوردستانی عێراق و دەنگی گەلی کوردستان لە یەک کاتدا بڵاودەکرایەوەو دواتریش لە ژمارە (1)ی (1991/10/15) وەک سەروتاری (رۆژنامەی کۆنگرە) کە رۆژنامەیەکی رۆژانە بوو بەبۆنەی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانەوە دەردەچوو. بڵاوکراوەتەوە».**

نووسەرو رووناکبیری کورد کە لە بارودۆخێکی نالەباریشدا هەوڵی دابێ پەیامی خۆی بگەیێنێ و، بێگومان لە سایەی ئەو گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆ هاتوونەتە گۆڕێ کە حەتمەن ئەو



زیاتر هەستیان پێ دەکات ولێیانەوە نزیکە ئەرکی زیاترو پڕ مەسئولیەت دیکەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە ئەو ئەزموون و تاقی کردنەوانە بێن بە زەمینەیەکی پتەوو بەبڕواوە هەنگاوی چەسپاوی لەسەردا هەڵبنێ.

کەچی ئەوەی ئەمڕۆ لە نێوەندی ئەدەبیماندا، هەستی پێ دەکرێ، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیانەدا ناگونجێ کە بەهێزو بازوو خوێنی جەماوەری گەلەکەمانەوە دروستبوو... لە حاڵێکدا دەبوایە دەستەی رووناکبیر بە تین وتاوێکی دیکەوە بهاتبانە مەیدان، بەڕادەیەک پیتە بێ نوختەو سەرو بۆرەکانیان هەروا بێ نوختەو سەروبۆر نەهێشتبایەوەو دەنگیان لە (بەڵێ) و (نەخێر)دا زیاتر بڕی بکرد بووایە ... دەبوایە دوای ئەو بورکانە بە گوڕەی راپەڕین و رەوتی مێژوویی هەڵات هەڵات، بەرژەوەندییە خودییەکانی بەر تەسکتر بوونایەو دیموکراتیەت ئەگەر لە دەوروبەر هەر قسە بووایە، دەبوایە لای نووسەرو رووناکبیران شێوەیەکی جیدی تێکەڵ بە جیهانبینیە نوێیەکانی سەردەمی راپەڕین و هەستانەوەی وەرگرتبوایە، نەک هەر تیرەو لە کەندالّی بێ و هەر ئاشەو لە بەزمێ و لە دوایشدا.(هەر کەس لەبەر نەرم و شلی خۆی بمرێ) و هیچیتر!! ڕاستە گەلەکەمان بە درێژایی مێژووی، بەتایبەتیش مێژوو نزیکی

هەر زوڵملێکراو و ستەمەیدە بووە، بەتایبەتیش مێژوویەک
نییە تەنیا بریتی بێ لە پاشەکشەو نوچدان.. مێژوویەک
بێ، بێ تروسکاییی..
من پێم وایە ئاسۆی ئایندەمان تادێ روونـاکتر دەبێتەوە،
بەڵام هەرگیز نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئێمە هەر خۆمان
دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین و ئەو ئاسۆیە دیاری بکەین ..
لە کاتێکدا بتوانین لە بازنەی بارودۆخە کۆنەکان رزگارمان
بێ و تەنانەت هەوڵ بدەین سیما سایکۆلۆژییەکانیشی بە
حاڵەتێکی پێشقەبر بگۆڕین، ئەو بارەی لە پاڵ ڕاگوێزان و
کاولکردن و ماڵوێرانی و رەشەکوژی گەلەکەمان و
گەمارۆدانی رۆشنبیری و کولتووری نەتەوایەتیمان دوو
شەڕی کاولکاری سەرتاسەریش سەرباربوون..
نووسەری رەسەن و ڕاستەقینەمان لەو بارە نالەبارانەشدا
دەوری خۆیان لەبەرچاوبوو ..
ئەدی ئێستا چی قەوماوە؟ تۆ بڵێیی لە سەرەڕێی دوا
هەنگاودا بین کە وا دێتە بەرچاو تازە خەریک بین یەکەم
هەنگاو بەرەو ئامانج هەڵێنین ..یان دووچاری بن
بەستبووین؟؟..
روونـاکبیرانمان ڕاستە مافی خۆیانە بەختیار بن و لە ژێر
سێبەری دەسەڵاتی نیشتمانیدا پێداویستی ژیانیان بە



لەبارترین شێوە بۆ مسۆگەر بێ و کەرامەتیان بپارێزرێ..
بەڵام شاعیر واتەنی، لەسەر ئەو بناغەیەی کە لەگەڵ
گەلەکەیاندا یەکگرتووبن و هەموو کێشەو ململانێیان.
(لەهەر شێوەیەکی دەربڕین دابێ لە پێناوی بەختیاری
گەلەکەیان بێ ... دەستەی روونـاکبیر لێرەدا دەتوانێ
پاشکۆی سیاسەت و تۆنێڵە مارپێچەکانی سیاسەت نەبێ،
مادام بەختیاری گەلەکەیان مەبەستە، چونکە لەهەر حاڵێکدا
لەگەڵ لایەنە خێر خواو بەختیاریخوازەکانی سیاسەتیش
یەکدەگرنەوە، کەواتە خۆبەستنەوە بە سیاسەت لەو قاوخە
تەسکەی لە هەندێ بازنەی نێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریماندا
لە گۆڕێیە، وای نابینم خزمەتی ئایندەمان بکات، تەنانەت
لە ڕووی ستراتیژیش دوور و نزیک خزمەتی سیاسەتیشمان
ناکات کە دەبێ ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر بە هۆی
روونـاکبیرانەوە گوڕو جۆشێکی دیکە وەربگرێ ( ئەگەرچی
جێی داخە زۆربەی روونـاکبیرانمان هەست بەو دەورەی خۆیان
ناکەن!)
نووسەرانمان ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر پێویستیان بە
خۆکۆکردنەوەو خۆ تەیار کردنە، کە ئەمەش هەنگاوێکە
دیارە لە هەنگاوی سیاسەت و سیاسەتکاریەوە بەر فرەتر
نەبێ، کەمتر نییە، خۆ کۆکردنەوەیەک پێکەوە لە یەک

روانگەوە (با هەر یەکەی بەچاوی خۆشی بێ) نەختێک لە رابردوو ورد بینەوەو، دوو نەختێیش رووەو ئاینده بڕوانیین ... سەیری خۆمان بکەین، تا ئێستا چیمان کردووەو دەبوایە چیمان بکردبووایە کە نەمان کردووەو و ئێستاکە چی بکەین باشە؟ چ نەخشەو پلانێک لە دوا رۆژی گەلەکەمان (نیشانە بە رابردوو و ئێستا و پێداویستی دوا رۆژ) دەوەشێتەوە؟
پێویستە ئێمە لێکلێکانی و پێشبڕکێمان لەسەر جۆری پلان و بەرنامە دانانەوەبێ، نەک لەسەر شتی لاوەکی و ئەو شتە خودیانەی لە پەراوێزدان .. ئەگەر بەرژەوەندی گەلەکەمان لەبەرچاو بێ دەبێ وابین. کە ئەمەش دەڵێم هەرگیز ژیان و گوزەرانی نووسەرو رووناکبیرانم پێ شتی لاوەکی نییە، بەڵکو دووبارەی دەکەمەوە کە دەستەی رووناکبیر پێویستە ژیانیان مسۆگەر بێ و کەرامەتیان پارێزراو، لە حاڵێکدا ئەوان بەختیاری خۆیان لە بەختیاری و ئاسوودەیی گەلەکەیاندا دەبیننەوە.
وابزانم کاتی ئەوە هاتووە دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوەو ئەزموونە تاڵانە بڵێین:
با هەموومان دەست لە ناو دەست، لەگەڵ جیاوازیشمان لە بۆچووندا، هەوڵ بدەین کوڕی رۆژگاری خۆمان بین..
ئەگەر پاشاگەردانی و پاشڤەبڕییەکیش هەبێ، پێم وانییە



ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆی میللەتەکەمان، بەڵکو هەمیشە ئۆباڵەکە لە ئەستۆی سیاسی و رووناکبیرانی دایە.
جا ئەگەر سیاسییەکان کەم تا زۆر ( بەرهەر نیازو ئەگەرێک بێ ..) هەست بە مەترسی و گرنگی ئەو مەسئوولیەتە بکەن پێویستە نووسەرو رووناکبیران دەها زیاتر هەستی پێ بکەن و بە ئەرکی خۆیانی بزانن و قسەی خۆیان هەبێ.
لە هەل و مەرجێکی وەک ئەمڕۆ پێویستە نووسەرو رووناکبیرانمان قسەی خۆیان هەبێ.

**شەقلاوە**

**(سەرەتای ئەیلوولی 1991)**



# درەختی بنکۆڵ کراو
# پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسیانە بۆ باری رووناکبیری و کولتووریی کوردی
# 1994-1975



**درەختی بنکۆڵ کراو**
**پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسیانە بۆ باری**
**رووناکبیری و کولتووریی کوردی**
**1994-1975**

رێککەوتننامەی ئاداری 1970 کە شۆڕشی کورد بە رژێمی ئێراقی سەلماند، دەرگایەکی دیکەی لەسەر رۆشنبیری و کولتووری کوردیدا کردەوە، جەختی لەوەش کردەوە کە هەڵکشان و داکشانی باری کولتووریمان لە ژێر سایەی رژێمە یەک بەدوای یەکەکانی ئێراقدا پابەندی هێزو بەرەنگاربوونەوەی شاخ بووەو هێزی مانەوەو پشتیوانی لێ وەرگرتووە .. رووی ئاشکرای ئەم هاوکێشەیەش لەو کاتەدا

روونتر بووەوە کە شۆڕشی کورد بە هۆی پیلانێکی هەمەلایەنەوە تووشی ئەو نسکۆیە بوو کە بە نسکۆی ئاداری 1975ـە دەناسرێ.

ئیتر لەو ساوە رژێمی ئێراق بە هەرچی پێی کرا دەستی لە کورد نەپاراست لە گرتن و کوشتن و راگواستن و بە عارەب و بەعسی کردن و وێرانکردنی نیشتمانەکەی تا رادەی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژهەولی جینۆساید..

بەلام من وای دەبینم لە هەموو چەکەکان ترسناکترو کوشندەتر ئەو گەمارۆ رۆشنبیری و کولتووریە بوو، کە بوو بە کۆسپ لە رێی هەر هەنگاوێک بیێ بە مایەو ماکی گەشەسەندنی زمان و کولتووری کوردی کە بێگومان شوێنەواری پاشڤەبڕی بۆ بوارەکانی تری ژیانی گەلەکەشمان کشاند..

نێوان نسکۆی 1975 و راپەڕینی 1991 ماوەیەکی کەم نییە ئەگەر بە چاوێکی بابەتیانەوە تەماشای بکرێ.. (16) شازدە سالی کارەساتاوی بوو لە هەموو روویەکەوە، لە هەموویشی کاریگەرتر ئەو هەولە بەردەوامانە بوو بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیی و کولتووری رەسەنی کوردو کوردستان و لە بەین بردنی هەموو پەیوەندییەکی نێوان وەچەی نوێی کوردو رابردووی و رێگا گرتن لەوەی



ئازادانە بڕوانێتە ئایندەی خۆی.

رژێمی ئێراق ئێستاش(*) لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیدا لەو هەولانەی نەکەوتووە وەک بە عارەب و بەعسی کردن و تۆقاندنی سیاسی و لە پەراوێز گرتن و بە سووک سەیرکردنی کولتووری کوردی و گرفتی هەموو ئەو دەرگاو بەرهەلانەی بواری لە بەردا خۆش دەکەن، کە بەشدارییەکی شایستە بە خۆی لە کولتووری مرۆڤایەتیدا بکاو لە هەمان وەختدا هۆیەکی کاریگەری گەشەسەندن و بەرەو پێش بردنی کۆمەلگەی کورد بێ، یا هەر بەلای کەمەوە بەوچاوە تەماشای بکا، لەگەل کولتووری عەرەبیدا کارلێکردنێکی پێشڤەبڕی هەبێ لە سوودی رۆشنبیری هەردوولا، نەک وەک کولتوورێکی ژێر چەپۆک و گرگن و دواکەوتوو و نارەسەن تێبیەوە رامێنێ.

لە ماوەی ئەو شازدە سالەدا گەمارۆی رۆشنبیری شان بە شانی پڕۆژە شۆڤێنستەکانی دیکەی، کە لە پال زیندان و کۆکوژی کورد بەرێوە دەچوو گەیشتە ئەوپەڕی، بە رادەیەک زۆرجار تەنانەت خودی روونا کبیرانی کوردی ناو

**(*) دیارە لێرەدا باس لەپێش رووخانی رژێمە، لێ وەکو لەزۆر لایەنەوە دوای رووخانی رژێمیش دەرکەوت شەندەلەمەندەی چاتر نەبوو.. هەمووی هەریەک کولتوورە..**

گۆڕەپانەکەیشی دەخستە بازنەی بێ ئومێدی و ئەمری واقیع، بە تایبەتیش ئەوانەی بڕوایان بە دوا ڕۆژ لەق ببوو، بەتایبەتی تریش هەندێ لەوانەی خۆیان لەبەر ترس و تۆقاندنی سیاسی و ئابووری نەدەگرت. لە حەقیقەتیشدا گەمارۆی ڕژێم زیاتر لە چەند بوارێکی ئەساسیدا خۆی نواند بوو کە دەتوانین لەم تەوەرانەی خوارەوەدا بیانبینین:



## یەکەم: پەروەردەو خوێندن و خوێندنی باڵا

پەروەردەو خوێندن بە گشتی لەسەر:

- بەرنامەو پڕۆگرامی خوێندن و قوتابی و مامۆستا و قوتابخانەدا، دەوەستێ...

هەرچی بەرنامەو پرۆگرامی خوێندن هەبوو لە کوردستانیشدا هەمان بەرنامە بوو لە وەزارەتی پەروەردەی ئێراقی داندرابوو (بە داخەوە ئێستاش لەگەڵ دابێ، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی نیشتمانیدا) بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتایەتی کوردستان و قوتابی کورد.

ئەو بەرنامەیەش ساڵ دوای ساڵ بەو رووکارە دەسکاری دەکران کە خزمەت بە راو روانینە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی رژێم دەکا، بێ ئەوەی نیو حسابیش بۆ مەسەلەی هاو نیشتمانیەتی کورد و هاوبەشیەتی دانپێدانراوی رەسمی و دەستووری بکرێ، باسی (حوکمی زاتی)یش ناکەم کە رژێم (وەک دەوڵەت) بە قانوون دانیپێدانابوو.

ئەو بەرنامانە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە بگرە تا قۆناغی ئامادەیش بەپێی رێککەوتننامەی ئاداری 1970 کرابوون بە کوردی بێجگە لەوەی دوو جار رژێم دوای نسکۆی 1975 وانە ئەساسیەکانی پەیوەندییان بە گەشەکردنی زمانەوە هەیە، دوای قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی کردەوە بە عەرەبی، وەک وانەکانی مێژوو و جوگرافیاو کۆمەڵایەتی و... تا دوایی، لە هیچ قۆناغێکی خوێندنیش (مێژوو)و(جوگرافیا)ی کوردو کوردستان نەخوێنراوە، تەنانەت ئەو بەندەی کە لەوانەی مێژوودا، لە سەرەتای حەفتاکان بڕیاری لەسەر درابوو (بەپێی رێککەوتننامەی 11 ئادار) لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی بخوێندرێ، دوای ساڵی 1975 ئەویش لادرا و



تەنانەت ئەوەندەیش بە قوتابی کورد ڕەوا نەبینرا..!

قۆناغەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانیش، وەک بەرنامەی خوێندن، (وانە زاستیە رووتەکانی لێ دەرهاوێ)، هەمووی خرابووە گێژاوی هەمان پاشاگەردانی .. هیچیشیان تەنانەت لە (زانکۆی سلێمانی)یشدا کە پاشان هەر بە دوایی داخرا. بێجگە لە چەند وانەیەکی بەشی کوردی، بە کوردی نەبوون .. ئەوە سەرباری وانەی (الثقافە القومیە) کە لە هەندێ قۆناغدا بریتی بوو لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەکانی حزبی بەعس و هیچیتر.

وانەکانی (مێژوو) و (جوگرافیا) و (پەروەردەی نیشتمانیی) و زۆر وانەی تریش وەک وتمان بە جۆرێک دەسکاری کرا بوون کە لەگەڵ بۆچوون و روانینە شۆڤێنستەکانی رژێمدا بێتەوە.

ئەم بارەش وای لە زۆر لە قوتابیانی کورد کردبوو، بە تایبەتیش قوتابیانی قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆکان کە هۆشیاری نەتەوەیەتیان وردە وردە زیاتر دەبوو، ئەو وانانەیان تەنیا بەمەبەستی پەڕینەوە و وەک سوخرەو بارێک بە سەرەوە بێ.

بەهۆی ئەو بەرنامانەیشەوە قوتابی کورد ئەوەندەی شارەزایی

لە مێژوو و جوگرافیا و باری کۆمەڵایەتی (زۆرجاریش بە شێواوی) عەرەب و میللەتانی تر هەبوو، چارەکی ئەوەندەش لە مێژووی کوردو جوگرافیای کوردستاندا بەڵەد نەبوو، مەگەر بە کۆششی تایبەتی خۆی.

(بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی)یش کە سەر بە وەزارەتی پەروەردە بوو تەنها کاری وەرگێڕان و لە چاپدانی ئەو بەرنامانەی بە دەست بوو کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنامەو پرۆگرامی سەر بە هەمان وەزارەت بە عەرەبی دادەنران و ئەو بەڕێوەبەراتییەش بە هۆی مامۆستاو ڕووناکبیرانی کورد دەیکردنە کوردی و چاپی دەکردن. حاڵی قوتابی کوردیش، لە حاڵی ئەو بەرنامەو پرۆگرامە شۆڤێنیانە وێرانتر نەبێ باشتر نەبوو...

لە باخچەی ساوایانەوە، بگرە کە ناوی سەدام و سروودو گۆرانییان زۆر جار بە عەرەبی فێر دەکردن، (ئەوە ناڵێم مامۆستایان یان هەندێکیان لەسەر مەسئوولیەتی خۆیان بە نیمچە دزی و بەلاونیو شتێکیان بە کوردی فێر کردبن) دەنا لەم قۆناغەڕاو ژۆردا سەرکەوە تا دەگاتە قۆناغی دکتۆرا، قوتابی کورد ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ بووەتەوە بە نموونە:

ـ ڕەتکردنەوەو وەرنەگرتنیان لە زۆر لەو کۆلیژو بەشانەی کە



ڕژێم کوردبوونیە خوێندنی تایبەت بەو قوتابیانەی سەربەخۆیانن، وەکو کۆلیژەکانی (سەربازی، پۆلیس، پەروەردە، بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلیژی ئەدەبیات، ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و ... تاد).

ـ فشاری بەردەوامی ڕژێم بە تایبەتیش لە کاتی شەڕدا و پەلکێش کردنیان بۆ (جیشی شعبی).

ـ گرتن و تێ هەڵدان لە ناو حەرەمی زانکۆ، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ئیعتوبار و داب و نەریتێکی پەیوەندار بە زانکۆوە.

ـ کۆسپ نانەوە لە بەر ئەوەی کە قوتابی کورد بە ئازادی فێری زمانی زگماکی خۆی ببێ، بەتایبەتیش لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندییداو شێواندنی ڕێبازی فێرکردن بە شێوەی جیاجیا.

ـ دەربەدەرکردنی قوتابیانی دێهات نشین بە هۆی پرۆسەی بەد ناوی ڕاگواستن و تەخت کردنی زیاتر لە 4500 گوند.

ـ هێرشی ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی بە زۆر بۆ باشووری عێراق، کە قوتابی کوردی ناچار کرد زمانی بە عەرەبی بکرێتەوەو بەمەیش وەچەیەکی نامۆ بە خۆی و کولتوورو

مێژوو و زمانی خۆی و لە خۆیدا نامۆی نایەوە، بە چەشنێک نە کوردی فێربوون (کە نەیان خوێند) نە عەرەبییش بە چاکی فێر بوون.

ـ گەلێک رەفتاری دیکەش کە تا هەتایە پەڵەیەکی رەشترە

لە ناو پەڵەڕەشەکانی دیکە بە تەوێڵی رژێمەوە وەک پیادەکردنی بڕیاری نهێنی تایبەتی و جیاوازی بۆ قوتابیانی کورد، بە نموونە قەدەغەکردنی گواستنەوەی قوتابی کورد بۆ زانکۆی سەلاحەددین و بە پێچەوانەوەیش هەروەها دوور خستنەوەی زۆر لە قوتابیانی کورد بۆ زانکۆکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق.. تەنانەت قوتابیانی کورد لە خوێندنی باڵادا کە ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بواریان دراوە بچن بەر خوێندن، بۆیان نەبووە ئەو باسە بە ئازادی و بەپێ ئارەزووی خۆیان هەڵبژێرن کە پلەی زانستی پێ وەردەگرن.. ئەمە لە ئاستی زانکۆشدا هەر بەو ڕەنگە بوو کاتێک بڕیار درا هەر قوتابییەک وەک بەشێک لە وەرگرتنی (پلەی بەکالۆریوس) لە دوا ساڵدا باسێک پێشکەش بکاو گفتوگۆی لەسەر بکا.

ژیان و گوزەرانی مامۆستایانی کوردیش هەر بەو رەنگە لە حاڵی قوتابیان لە بارتر نەبوو بە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکانیشەوە .. هەمیشە لە بەر چەندین جۆرە فشارو



پاڵەپەستۆی سیاسی و نەفسیدا بوون، ئەوانەی خۆشیان مەردانە، لە بەر راگرتبوو، کە خۆشبەختانەیش ژمارەیان زۆرتر بوو لەوانی سەر بە رژێم، نەیان دەتوانی پەیامی خۆیان وەک پێویست بگەیێنن.

هەمیشە بە هۆی راونان و شاڵاوی بە بەعسی کردن لە دڵەراوکێ و نیگەرانیدا بوون... تەنانەت کار بەوە گەیشت زۆر لە مامۆستایانی کورد، ناچار بوون لە تەمەنێکی (پێش وادەی خانەنشینبوون) بە هۆی (نادروستی تەندروستی- اسباب صحی) خۆیان خانەنشین بکەن یا دەست لە کار بکێشنەوە.

هێرش و شاڵاوە جۆراو جۆرەکانی رژێم مامۆستایانی زانکۆشی نەبوارد، کە بەلانی کەمەوە دەبوایە شوێن و ئاستی زانستی و کاریگەریان لە رەوتی بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە بە چاوێکی دیکە سەیر بکرێت، کەچی بە پێچەوانەوە، زۆرجار فشار و شاڵاوەکان مامۆستا بیانیەکانیشی دەگرتەوە، کە بێنیان لەم رەفتارانە تەنگ دەبوو و دەگەڕانەوە وڵاتەکانیان .. ئەوە بێجگە لەو مامۆستایانەی رژێم بەبێ ئاگاداری و ویستی خۆیان خانەنشینی دەکردن یا دەیگواستنەوە بواری ترو لە زانکۆ دووری دەخستنەوە، وەک

لەگەڵ زۆر لە مامۆستایانی بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدادا کرا، دوای ئەوەی بە بڕیارێکی قەرەقۆشانە داخرا. ڕژێم لە کاتێکدا ئیدعای مافی (اخواننا الاکراد)ی دەکردو دەیگوت کورد دوو حەقی لە ئێراق هەیە ...!! هەر زوو دوای نسکۆی 1975 بەشی کوردی لە کۆلیژی ئەدەبیاتی داخست و بە شێوەیەکی دیکە گواستیەوە کۆلیژی پەروەردە، کە لەو وێشدا جگە لەوەی قوتابی (بەتایبەت) وەردەگرت، لە ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایانیش زیاتر نەبوو .. لە کاتێکدا بەشی فارسی و عیبری و ئیسپانی و تورکی و تا دێی هێشتەوە و بایەخی تایبەتی پێدان .. ئەگەر بێینە سەر باسی قوتابخانەکانی کوردستانیش لە چاو ژمارەی قوتابیان زۆر زۆر کەمتر بوو، بە رادەیەک زۆر لە قوتابخانەکان سێ شەفت دەوامی تێدا کراوە، واتە سێ قوتابخانە لە قوتابخانەیەکدا!! بەڵام بەربڵاوترین هێرشی هۆلاکۆییانە بۆ سەر قوتابخانەکان لە کوردستان لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ڕژێم هەر لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە پرۆسەی نەخشە بۆ کێشراوی کاولکردنی گوندەکانی کوردستانی پیادە دەکرد، ئاکام ڕژێم زیاتر لە (4000) چوار هەزار قوتابخانەی بە گوندەکانەوە تەخت کرد، بەمەش



قوتابیەکی زۆر شێرازەی خوێندنیان شڵەژاو ئاوارەی باشووری ئێراق و ئۆردگا زۆرەملێیەکان و مەڵبەندی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک بوون.

سەرەڕای بە عارەب کردن و گۆڕینی ناوی زۆربەی زۆری قوتابخانەکانی کوردستان و داخستنی زانکۆی سلێمانی و پەیمانگای تەکنیکی و هونەری لە هەولێر کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پێگەیاندنی کادری ناوەنجی و پیشەییدا دەبوو ئەگەر بمابووایە. ئەو زانکۆیەی لە بریتی زانکۆی سلێمانیشدا لە هەولێر قوت کرایەوە، لە باتی ئەوەی ببێ بە بنکەیەکی تیشکاوێژ بۆ شارەکە.. بەهۆی فشاری ڕژێم بوو بە زیندانێکی دیکەی ناو ئەو زیندانە گەورەیەی کە تەواوی کوردستانی گرتبوەوە.

## دووەم: دامودەزگاکانی راگەیاندن:

لە سەرنامەی ئەم تەوەرەیەدا با هەمیشە ئەوەمان لە بیر نەچێتەوە کە کولتووری کوردی دوای نسکۆی شۆڕش لە 1975، بە نەخشەو پلانێکی دارێژراو گەمارۆ درابوو..

بۆیە دەزگاکانی راگەیاندن کە رژێم بە کوردی بە گەڕی خستبوون حاڵیان لە حاڵی پەروەردەو خوێندنی کوردی باشتر نەبوو.. ڕاستە دوو رۆژنامەی هەفتانە (کە سەرەتا تەنها یەک بوو) و دوو گۆڤاری مانگانەو گۆڤارێکی وەرزی



دەردەچوون ( ئەگەرچی گۆڤارەکان لە کاتی خۆشیاندا دەرنەدەچوون)... بەڵام بە بەراورد لەگەڵ لیستی ئەو رۆژنامەو گۆڤارو دەوریات و چاپکراوانەی بە زمانی عەرەبی بڵاودەبوونەوە (بە چاوپۆشین لە ناوەڕۆکیشدا) دلۆپێک لە دەریا بوو، ئەوەیش بێجگە لەو گۆڤارەو رۆژنامەو چاپکراوە هەمە جۆرانەی وڵاتانی عەرەبی کە بە بەردەوامی دەگەیشتنە کتێبخانەکانی ئێراق .. لە پاڵ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە شاری کەرکووک و کەناڵێکی دیکە کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی دواتر لە شاری موسڵ دامەزرێنراو ئێستگەی رادیۆی بەغداو وەسەلام!! هەموو ئەم دەزگایانەش باوەکو کەم تا کورت خزمەتێکی بەلانی کەم زمانەکامانیان کردبێ بەڵام بەلای رژێمەوە هۆی راگەیاندنی (حزب والثورە) بوون بە کوردی و بەو نیازەش بڵاوی دەکردنەوە.. ژمارەی کتێب و چاپکراوی کوردیش کە بە سانسۆری جۆراوجۆرو زۆربەشیان بە کۆششی تاقە کەسی دەردەچوون، لەگەڵ ئەوانەی بە عەرەبی و لەسەر حسابی دەوڵەت دەرچوون، هەرگیزاو هەرگیز بەراورد ناکرێ!! باسی ئەوەش ناکەم کە ناوەڕۆکی هەموو ئەو چاپکراوانە ئەو چەشنە ئازادی و رادەربرینەی تێدا نەبووە ببێ بە هۆو ئەگەرێکی پێشڤەبرو بەشداریەکی لایەق لە بەرەوپێشچوونی بیرو هزری کوردیدا بکا.

خۆ ئەگەر جار ناجاریش بوارێک هاتبێتە گۆڕێ، ئەوە بێگومان فشارێکی سیاسی لە پشت بووەو بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراو ڕێگای بۆ خۆش کردووە .. ئەگەرچی بە نموونە گۆڤارێکی وەک (نووسەری کورد) کە یەکێتی نووسەرانی کورد دەری دەکرد، بە تایبەتیش خوولی دووەمی لەگەڵ خواست و ویستی میللەتدا دەڕۆیی، بەڵام ئەگەر لەوەیش گەڕێین بە چ وەزعێکی ناهەموار لە هەردوو سەری ماددی و چاوەدێری سانسۆرەوە دەردەچوو، ئەویش پاش ماوەیەکی کەم دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە باربراو ئەو تروسکاییەش کوژێنرایەوە. ڕژێم بە چەشنێک مێژووی کوردو کوردستانی شێواند بوو و باسکردنی قەدەغەکردبوو، مەگەر شۆڤێنستەکانی وەک خۆیان کردبێتیان .. تەنانەت کار بەوە گەیشت بە بڕیارێکی مەکارسیانەی کەم وێنە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا هەرچی کتێبی دەربارەی مێژووی کوردیش لە کتێبخانەی زانکۆکان هەبوو سووتێنران و لە بەین بران ماوەیەکی زۆریش بوو ناوی وشەی (کوردستان) لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و لە قوتابخانەکان قەدەغە کرابوون، دەبوایە لە باتی (کوردستان) بنووسرێ (ناوچەی حوکمی زاتی)..بەم بۆنەیە برادەرێک بە تەنزنەوە دەیگوت کەواتە لەمەودوا لە جیاتی بڵێین



(د.کوردستان) دەبێ بنووسین دکتۆرە حوکمی زاتی .. ئینجا بیری لێ بکەوە بار بە چ ڕادەیەک گەیشتبوو .. لەلایەکی ترەوە ڕژێم بە هیچ جۆرێک بواری نەدا ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە کوردی سەرهەڵبدا.. لە وەختێکدا دەزگایەکی کەم وێنە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە عەرەبی بۆ منداڵان بە ناوی (دائرە ثقافە الاطفال)ـەوەی بۆ منداڵە عارەبان دانابوو کە جگە لە هەردوو گۆڤاری (مجلتی والمزمار)، چاپکراوی دیکەی منداڵانیشی لە قەشەنگترین شێوە لە دەرەوەی وڵات چاپ دەکردو بەنرخێکی ڕەمزی وایشی بڵاودەکردنەوە شایانی باس نەبوو ... لە هەموویش سەیرتر ئەوەبوو زۆر جار ئەگەر تێکستێکی بیانی یا عەرەبی لە گۆڤارێکی تەنانەت وەک «الاقلام»یش کە وەزارەتی ڕاگەیاندنی ڕژێم دەری دەکرد یا (افاق عربیە) ئەگەر دەقێکی وای تێدا بوایە کە بۆنی ئازادی و یاخی بوون و مافی گەلانی لێ بێ و بکرابوایە کوردی، لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی بە کوردی دەردەچوون، ئەوانەی لە پێشدا ئاماژەمان پێ کردن قەدەغە بوون بڵاوبکرێنەوە... لقەکانی دیکەی هونەری کوردیش بە هەمان دەردەچووبوون، بە نموونە «شانۆ» دەقی شانۆیی ئەگەر ویسترا بووایە لە تەلەڤزیۆن تۆمار بکرێ دەبووایە بە چەندین قۆناغی سانسۆریدا تێ

ببەپەڕێ .. باسی سینەمایش ناکەم چونکە (لەخوا بەزیاد بێ) نەمانبووە..! سەرەڕای هەموو ئەمانەیش لە هیچ دیدارو کۆبوونەوەیەکی رۆشنبیری و کولتووری عەرەبی یا ئیقلیمی یا جیهانی کورد بەنوێنەرێکیش (وەک ناسنامەی کولتووری) بوار نەدراوە بەشداری تێدا بکا، مەگەر رژێم خۆی نوێنەرێکی (سەربەخۆی) بۆ پڕوپاگاندەی سیاسی گلاو جار جارە هەڵبژاردبێ ... هەروەها هیچ رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردیش نەیتوانیوە بە ئازادی تەنها یەک پەیامنێر چییە لە دەرەوەی وڵات بۆ خۆی دابنێ، وەک ئەوەی رۆژنامەکانی تری عێراق هەیانبوو ...

**« هەر لەم بارەیەوەو بۆ رێ روونی زیاتر تکایە بڕوانە - رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەنووسی کورد- نامیلکەیەکی تری نووسەری ئەم چەند دێرەیە کە لە کاتی خۆیدا بۆ یەکەم جار (چاپی یەکەم) لەلایەن یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە»**



## سێیەم: زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی

گومان لەوەدانیە زمان کۆڵەکەیەکی بەهێزی تەئکید کردنی ناسنامەی نەتەوییە..

لێرەوە ئەوەی دەزگاکانی رژێم لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کردی لە شێواندنی زمانی کوردی و رێگاگرتن لە هەموو هۆیەک کە بەرەو پێشچوون و پەرەسەندنی لێ بکەوێتەوە، بەشێک بووە لە هەوڵە بەردەوامەکانی رژێمی ئێراق بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، کە لە دوایشدا گەلەکەمان تەنیا لە چەند رواڵەتێکی ئەسنۆگرافی مۆزەییدا پێشان بداو

هەموو بزاڤێکی کولتووری و هوشیاری کۆمەڵایەتی کە مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیار بێ بوەستێنێ.

لە کاتێکیشدا ڕێککەوتننامەی ئاداری 1970 کۆمەڵێک دەستکەوتی کولتووریی نەتەوەیی تێدا هاتبوو، لە پێشەوەی هەمووشیان خوێندن بوو بە زمانی کوردی ... دوای نسکۆی 1975 ڕژێم وەک بەشێک لەو پڕۆسە شۆڤێنستانەی لە بەرامبەر گەلەکەماندا خستبوویە گەڕ لە پاڵ گۆڕینی بەرنامەو پڕۆگرامی خوێندن بەو مەبەست و ئامانجەی خزمەتی پلانەکانی دەکا، چەندین جاریش خوێندنی کوردی کردەوە بە عەرەبی بە تایبەتیش لە دوا پاری حەفتاکاندا، زۆربەی وانە ئەدەبیەکانی زمان دەوریان تێدا دەبینێ کردەوە بە عەرەبی، بە بیانووی ئەوەی قوتابی کورد کە دەچێتە قۆناغی زانکۆ دووچاری تەنگ و چەڵەمە نەبێ !! وێرای ئەوەیش ڕژێم!

**1**- وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی) نەخستە تاقیکردنەوەی گشتی بەکەلۆریاو هەمیشەیش زمانی کوردی لە خانەیەکی لاوازو بەرتسکدا تەماشا کردەوە، بەو ڕادەیەی لە زۆر بۆنەدا لەگەڵ زمانی کەمە نەتەوەییەکانی ئێراق بە «اللغات المحلیه»ی ناو دەبرد.



**2**- «کۆڕی زانیاری کورد» کە تا ناوەڕاستی حەفتاکانیش بنکەیەکی (لە چاو هەل و مەرجەکە) زۆر باشی پەروەردەو گەشەپێدانی زمانی کوردی بوو، خستەوە پەراوێزکردنی بە دەستەیەکی بێ دەسەڵات لە کۆڕی زانیاری ئێراق..

**3**- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، سەر بە وەزارەتی پەروەردە. کە لە نێوان ساڵانی (1970 - 1974)دا دانانی پڕۆگرام و بەرنامەی خوێندنی بە کوردی لە ئەستۆدا بوو، کرا بە بەڕێوەبەرایەتیەک کە تەنیا ئەوەندەی لەسەر بوو، ئەوەی ڕژێم بە عەرەبی بۆ ئەم مەبەستە دایدەنێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بیانکاتەوە کوردی و سەرپەرشتی لەچاپدانیان بکا..

**4**- دەزگای ڕۆشنبیری منداڵان، کە دەزگایەکی ئێراقی گرینگی تایبەت بە منداڵان بوو، دوورو نزیک تاقە وشەیەکی بە کوردی لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا بڵاو نەکردەوە!!

**5**- هەر لەم ڕێگایەدا و بەپێی پیادەکردنی ئەو نەخشەیەی ڕژێم. هەردوو دەزگا - دەزگای هاوکاری -و- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کولتووری کوردی- کە دوو دەزگای جیاوازبوون، بەبڕیارێکی شۆڤێنستانە تێک کردەوەو کردی

به یەک دەزگا..

**6-** لە هیچ کارێکی رەسمیدا زمانی کوردی بەکارنەهاتووە، لە کاتێکدا بەپێی رێککەوتننامەی ئادار دەبووایە نامەو نووسراوە رەسمیەکانی کوردستان بە کوردی بێت.

**7-** هیچ پڕۆژەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بۆ (وەرگێڕان) بۆ کوردی لەلایەن ئەو دەزگایانە نەبوو، کە جگە لە خودی پرۆسەکە بە گوێرەی زمانی کوردییەوە، هۆیەکی سەرباریشە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و گەشەپێدانی زمان بە تایبەتیش لە رووی چەسپاندنی زاراوەی نوێوە..

**8-** دانانی نەخشەو پلان دانانی وا کە ببێتە هۆی لە باڵ یەک دەرهێنانی زمانەکەمان، وەک پڕۆژە بەدناوەکەی هەردوو رۆژنامەی (ئاسۆ) و (بزاڤ) کە هەر یەکیان بەشێوە زمانێک دەردەچوون .. کە هەندێ لە نووسەرانی تا ئەو کات خاوەن هەڵوێستیشیان بۆ خۆیان ڕاکێشا بوو و لێیان بڵاودەکردنەوەو، ئەوە جگە لە پڕۆژەی دوور خایەن و ستراتیژی وەک (بەربەستی بێخمە) کە سەرەڕای مەبەست و ئامانجی دیکەی ئاشکرا بەشێکیش بوو لە پڕۆژەی لێکدابڕینی سنووری جوگرافی هەردوو شێوە زمان کرمانجی ژوورو خواروو.



**9-** قەدەغەکردنی نووسین بە پیتی لاتینی کە لە بارترین پیتە بۆ دەربڕینی کوردی تەنانەت بوار نەدان بە فێربوونیشی.

**10-** لە کاتێکدا رژێم بە قانوون و بە رەسمی قانوونی (سلامە اللغە العربیە)ی دانا لە هەمان کاتدا هەموو هەواڵێکی گرینگی چ لە رێگای دەزگاکانیەوە بێ یا ڕاستەوخۆ بۆ کەم کردنەوەی بڕوای ئینسانی کورد بە زمانەکەی، وەک زمانێک کە دەستوور و رێسای، تایبەت بە خۆی هەیە .. لەو کاتەدا بڵاو دەکردەوەو دوای ئەوەی بە عەرەبی بڵاودەبووەوە تەنانەت بڕیاری رەسمی دیکەش کە لە رۆژنامەی (الوقائع العراقیە)ی رەسمیدا بڵاودەبووەوە تەنها بە عەرەبی بوو .. ئیتر کە حاڵی زمانی کوردی وابێ دیارە ئەدەب و هونەرو مێژوویشمان باشتر نەبووە، ئاشکرایە کولتوورو ئەدەبی نەتەوایەتی بێ گەشەکردنی زمان بەتایبەتیش زمانێکی وەک زمانی کوردی کە پێویستی بە هەنگاوی یەکگرتنی شێوەکانی هەیە، مومکین نییە.

رژێم رێکخراوێکی وەک یەکێتی نووسەرانی کوردیشی لە هەموو یارمەتی و دەسگیرۆییەک بێ بەش کردبوو، بە ئەوەندەش نەوەستاو لێی نەگەڕا، تا کردیەوە بە چەند

تابلۆیەکی سەر دوو سێ شوققەی بە ناو (اتحاد الادباء و الکتاب العراقین) دیسان ئامارێکی سادەی ئەو کتێب و رۆژنامەو گۆڤارانەی لە ئێراقدا بە عەرەبی دەردەچوون لەگەڵ ئەوانەی بە کوردی بڵاوکراونەتەوە (کە زۆربەی کوردیەکانیش بە کۆششی نووسەرەکە خۆی بووە) هەرگیز جێگای بەراورد نییە ... دەنک بە عەمباریش نییە .. لە کاتێکدا ئەو کتێبە کوردی یانە زۆربەیان لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی (سانسۆر)دا بە هەزار زەحمەت رزگاریان دەبوو..

بەم جۆرە رژێمی ئێراق بە گەلێک شێوازی جیاجیا لە گەمارۆدانی رۆشنبیری کوردی و رێگەگرتن لە هەموو هەوڵێکی ڕەسەن، بەردەوام بوو..

هەمیشە ئەو نەمامانەی بنکۆڵ دەکردن کە هەستی پێ بکردبووایە لە خاکدا جێگیر دەبن و چڵ و تەرزیان بەرەو رۆژە .. ئەگەر بە هۆی هەندێ ئەگەریشەوە نەیتوانیبێ بیانبڕێ.



## راپەڕین..
## بزاڤی رووناکبیری ..
## دەسەڵاتی نیشتمانی... بەڵام!

**«نەتەوەی مەزن مێژووی خۆی لە سێ کتێباندا دەنووسێتەوە:
کتێبی کردارەکانی، کتێبی وشەکانی کتێبی هونەری ... ناشکرێ لە هیچ یەکێک لەو کتێبانە بگەین، ئەگەر هەردوو کتێبی دوایی نەخوێنینەوە...**

**جۆن ڕاسکین»**

«شکۆو گەوەرەیی بە ئازادی و سەرفرازی و نسکۆیش بە شەوی دەیجوری میرغەزەبانەوە پێڵوز دەکرێ...

راپەڕین، (لەگەڵ مەودا پاشڤەبڕەکانیشیەوە)، وێڕای

سەلماندنەوەی ئەو ڕاستییە لە مێژینەیە، کە خەباتی گەلانی ستەمدیدەو زوڵملێکراو و پیلانگاز لە ناو ناچێ و ڕۆژێ هەر بە ئامانج دەگا، قۆناغێکی نوێشی لە ژیان و خەباتی گەلەکەمان دیاریی کرد، قۆناغی بنیاتنانەوەو هەوڵدان لە ڕێگای قەرەبووی هەمووی ئەو زوڵم زۆریانەی لێی کراوە.. بەم جۆرە (ڕاپەڕین) نیشتمانەکەمانی کە بەشێکە لەماڵی گەورەمان، لە کوردستانی مەزن، لە هەلومەرجێکی هەڵایساوی پڕ گۆڕانکاریی دراماتیکیدا لە بن دەسەڵاتی شۆفێنستی و ڕەگەز پەرست و دیکتاتۆر هێنایە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی نیشتمانی ... لێرەڕا، دەبووایە هەرچی نەبێ دوای دامرکانەوەی ڕقی پیرۆزی جەماوەرو ڕوون بوونەوەی لێڵاییەکان . دەسەڵاتی نیشتمانی کە ئەو دەمە لە (بەرەی کوردستانی)دا خۆی نواندبوو، پڕۆژەیەکی هەستانەوەی بەتایبەتیش لە بواری زمان و کولتوورییەوە گەڵاڵە بکردبووایە، کە هەرچی نەبێ دوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم و دەزگاکانی، هەوڵ بدرابووایە پیادە بکرێ ... لە کاتێکدا هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوە لە باربوون بۆ پڕۆژەیەکی لەو چەشنە، کەچی زۆر بەداخەوە، وا دەرکەوت ئەوەی بەبیرو خەیاڵاندا نەهاتووە ئەم لایەنە بووە، زۆر بەداخەوە هەردوو



وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە کە سەنگی قورستری شەرەفی پیادەکردن و گرینگی دان بەم لایەنەیان کەوتۆتە سەر نەیانتوانی هیچ دەورێکی شایانی باس بگێڕن... هەر لە بناغەوەیش هیچ پڕۆژەیەک نەبووە!! جارێکی تریش جێی داخە کە تا ئێستاش بیری لێ نەکراوەتەوە.. نیشانە بە زۆر ئەگەریش دەتوانم بڵێم هەر بە هەندیش هەڵنەگیراوە.. حسابی پلە چوارەم و پێنجەمیشی بۆ نەکراوە، کەچی لە بەرامبەر دانانی پڕۆژەیەکی لەم چەشنەو هەوڵی پیادەکردنی لە بەرامبەر ئەوەداو بەو ڕووکارەی کە بە حزبایەتی تەسک ناوزەد کراوە، دیارە هیچ قسورێکی بۆ نەبووە!! ڕێژەیەکی زۆر نزمیش نەبێ کە ئەویش زیاتر بەهۆی کەشوهەوای بەرەڵڵاو ئازاد بووە، دەنا کۆششێکی بەرچاوو نەخشە بۆ کێشراو نەبووە لەو ڕێگایەی لە پێشدا ئاماژەمان پێ کردووە.

بەمجۆرە ئەو درەختەی کە ساڵانی پێش نسکۆی 1975، بە تایبەتیش نێوان ساڵانی (1970-1975) خەریک بوو ڕەگی دادەکووتاو چرۆی کردبوو و تەرزو چڵی تازەی هاویشتبوو و ئاسۆیەکی لێ دیار بوو .. دوای نسکۆی 1975 دەزگاکانی ڕژێمی ئێراق بە گەلێک هۆو ڕێگای جیا جیا بنکۆڵیان

کردبوو، ئێستاش، لە ژێر دەسەڵاتی نیشتمانیشدا بە داخەوە هەروا ماوەتەوە.. تەنانەت زۆر جار دەگەینە ئەوەی بڵێین لە هەندێ لایەنی پەیوەندار بە داهاتوومان وێرانتر بووە...!

کە ئەمەش دیارە جگە لەوەی مایەی داخێکی گەورەیە، مەسئوولیەتێکی مێژووییشە لە ئەستۆی لایەنە پەیوەندارەکان دایە.

فەرموون با بە کورتی و بەنموونە پێدان بێین ... با لە بواری پەروەردەو خوێندنەوە دەست پێ بکەین:

**1**- هیچ مشورێک لە چاککردنی بەرنامەو پرۆگرامی خوێندن نەخوراوە کە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا بێتەوە، راپەڕین دروستی کردووە (بەم دوادواییە ئەگەر کارێکیش بەو ئاراستەیە کرابێ بەو ڕەنگە نەبووە، کەلێنەکانی پڕکردبێتەوە).

**2**- هیچ هەوڵێک لەو رێگایەدا نەدراوە، ئەو داب و نەریتەی قوتابخانەکان کە لە سەردەمی رژێمدا باو بوو بگۆردرێن، بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک داب و نەریتی خراپتریشی هاتە سەر بەهۆی سیستمی پەنجا بە پەنجا و حزبایەتیەوە ..



**3**- هیچ هەنگاوێک بە رووکاری پاکسازی لە بواری پەروەردەوە نەنراوە کە رژێم بە درێژایی ساڵانی 1975-1991 پیاوی خۆی و سەربەخۆی لێ دەچینێ و یەکێکە لەو بوارانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆو پتەوی بە ئایندەمانەوە هەیە.

**4**- بایەخی پێویست بە باخچەی ساوایان و چالاکی قوتابخانەکان نەدراوە کە دەوری لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا هەیە.

**5**- کار بەوە گەیشت حورمەتی پەروەردەو فێرکردن بە ئاشکرا بوونی پرسیاری تاقیکردنەوە رواندنی شایەدنامەی ساختە نەمێنی...

ئەوە بێجگە لە پێداویستی قوتابخانەکان کە زۆربەیان بە هۆی تالان و فەرهودو... تاد وە لە بارێکی نالەباردان، ئەگەرچی ئەم خاڵە پەیوەندی بە ئاستی دارایی و نەداری حکوومەتی هەرێمیشەوە هەبێ، بەڵام لە بواری دیکەدا کە ئەوەندەی پەروەردە، بە تایبەتیش لە قۆناغێکی وەک ئەمڕۆ گرینگ نەبووە، بڕی زۆر زیاد لە پێویست بێهوودە خەرج کراوە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوەی ناوی نەخشەو پلانە ئێمە لە هیچ بوارێکدا نەمان بووەو و ئاشکرا سەرنەکەوتوویی ئیدارە و حکوومەتمان بۆ روون دەبێتەوە. لە

ڕووی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە بە هەمان شێوە با وەکو ڕۆژنامەی زۆریش بڵاوکراونەتەوەو ژمارەیەکی زۆری ئیستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن دامەزرابن بەڵام هەمووی هی حزبەکان بوون.

بێجگە لەوەش:

**1-** حکوومەتی هەرێم هیچ پرۆژەیەکی بڵاوکردنەوەی کتێبی نەبووەو ئەوەیشی کەم تا کورت دەرچووە بە کۆششی تاکەکەسی و حساباتی تایبەتی بووەو زۆریش بەکەمی، لە کاتی ڕژێم زۆر زۆر کەمتر!!... (دیارە باس لەپێش دامەزراندنی هەندێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیە لەشارەکانی کوردستان).

**2-** هەل بوو، دەبووایە حکوومەتی هەرێم (ئەگەر حاڵی حازر چاپیشیان نەکا) هەوڵ بدا جاری پرۆژەیەکی بەرفراوانی وەرگێڕان بداو ساڵانە کۆمەڵێکی شایستە لە کتێبی دانسقەو گرینگ بدا بە نووسەران بۆ وەرگێڕان.. ئەم کارەیش لە دوو سەرەوە سوودی دەبوو، یەکێکیان خودی کتێبەکەو دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی هەژاری کوردی و دووەمیش بەکارخستنی نووسەران بەتایبەتیش لە بارودۆخێکی وەک دوای ڕاپەڕین..



ئەوە بێجگە لەوەی کۆمەڵێک زاراوەی نوێش بەم هۆیەوە لە زمانەکەمان دەچەسپان...

**3-** ئەگەر لە سەردەمی ڕژێم جارو بار شانۆکان ئاوەدان دەبوونەوەو تەنانەت جار جار فیستیڤاڵی شانۆیش دەبوو، دوای ڕاپەڕین تەنانەت دوای دەسبەکاربوونی پەرلەمان و حکوومەتیش جێ داخە چالاکی «شانۆ» هەر بەجارێ بڕایەوە... سینەمایش وەک چۆن هیچ نەبووە، هەر بە هیچ ماوەتەوە .. نووسەران و ڕۆژنامەنووسانیش پەرت و بڵاو، هەریەکەی لە ئاشێک لێ دەکا.

لە هەمووی وێرانتر ئێستگەکانی تەلەفزیۆنە، ئەو ئێستگانە بەرهەمی هەمە جۆر، بە هەوەس و میزاجی خۆیان، بێ ڕەچاوکردنی لایەنی پەروەردەیی و هونەری و هەندێ جار ئەخلاقیش پیشان دەدەن.. دەگاتە ڕادەی ئەوەی لەم ڕووەوە هەندێکیان خەتە سوورەکەییش دەبەزێنن کەسیش نییە بپرسێ و بڵێ بۆ؟

بەڵێ لەگەڵتام ڕاگەیاندن ئازادە، بەڵام ئازادی خۆ بەرەڵڵایی نییە.. ئازادی ناکا بڵاوکردنەوەی هەر شتێک و هەرچی بکەی و هەرچی بڵاوبکەیەوە.. وەک دەسەڵاتی نیشتمانیش، حکوومەتی هەرێم هیچ ئاوڕێکی لە نووسەرو

ڕۆژنامەنووسە پێشەنگاکانیش نەداوەتەوە کە بە کۆشش و خەباتی ئەوانەوە ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی بەم پایەی ئێستای گەیشتووە .. بۆ منداڵانیش هیچێکی وا نەکراوە شایەنی باس بێ ..یاریگەیەکیان لە پایتەختی هەرێمدا هەبوو ئەویش دزە ئاشکراکان لێیان لووس کردن... سوێندی ئەوە ناخۆم بە کۆششی تاقەکەسی چەند نووسەرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسێک تاک تاک بڵاوکراوەی منداڵانیان دەرکردبێ.

زمان و مێژوو و ئەدەب و هونەریش هەر بەو ڕەنگە بووە، بە نموونە لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی هەرێم بیریشیان لەوە نەکردۆتەوە هەوڵ بدرێ کۆڕێکی زانیاری بۆ زمانەکەمان هەبێ **(دیارە ئەمە پێش دامەزراندنی کۆڕی زانیارییە کە بەداخەوە ئەویش، تەنانەت ناوەکەیشی هەڵەیە، کە دەبووایە کۆڕی زانیاری کورد بووایە، چونکە ئەوە کۆڕی زمانە..)**، یاخود پڕۆژەیەک بۆ گەشەپێدان و بوژاندنەوەی .. بە کورتی کە ڕژێم درەختی ئومێدی لە هەموو لایەکەوە لێ بنکۆڵ کردووین، جێگای داخە کە دەسەڵاتی نیشتمانیش هیچێکی وای لەم بوارەدا و لە ماوەی ئەو چەندساڵەدا نەکردوە. پیاو نازانێ بڵێ چی و باسی چی بکات، لە کاتێکدا وەزارەتی



ڕۆشنبیری لە خۆیدا بە تاڵان چوو.. ئێستاش ڕەگەکان خەریکە دەپچڕێن، بە چڵ و تەرزو چرۆکانیانەوە ڕا دیارە کە سیسبوون و هێزیان لەبەر بڕاوە .. تۆبڵێ کەسێک هەبێ ئەمە بە هەند بگرێ و خەمێکی لێ بخواو بیرێکی لێ بکاتەوە؟؟

بڵێی؟!

*** ئەم وتارە کاتی خۆی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی «برایەتی» ڕۆژانی 5و6و7و8ی 1994/11 لە لاپەڕە 3دا بڵاوکراوەتەوە.**



# سەربردەی دامەزراندنەوەی «یەکێتی نووسەرانی کورد» دوای ڕاپەڕین سەرەقەڵەمێکی دی لە نێوان فت و بۆچی فت دا!



## سەربردەی دامەزراندنەوەی «یەکێتی نووسەرانی کورد» دوای ڕاپەڕین سەرەقەڵەمێکی دی لە نێوان فت و بۆچی فت دا!

**«ئەم وتارە وەک بەدوا داچوونێکی ئەو هەڵسەنگاندنانە هات بۆ باری یەکێتی نووسەرانی کورد، دوای کۆنگرەی ڕاپەڕین کە لەلایەن برایان فوئادی مەجید میسری و حەسیب قەرەداغی و شێرزاد حەسەن و محەمەد فەریق حەسەنەوە بەڕێوە چوو بوو، (هەفتەنامەی گوڵان)یش لە ژمارە8ی دا لە ژێر ناوی (یەکێتی نووسەرانی کورد فت! بەڵام بۆچی فت؟) بڵاوی کردبووەوە – بڕوانە ژمارە 9و 10و 11ی 20.23.30ی حوزەیرانی 1994ی هەفتەنامەی گوڵان.»**

تا ئەو کاتەش کە یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەو دەردە نەبرابوو، کە برا، لەگەڵ بێ

ئیمكانیاتی ماددیش دەوری نكۆڵی لێنەكراو و شەرەفمەندی گێڕا، بە تایبەتیش لەو كاتەنەدا كە دوژمن دیگرت و نەیدەپاراست...

ژمارەكانی خوولی دووەمی گۆڤاری «نووسەری كورد» و «فیستڤاڵی شیعری كوردی دووەم» لە سلێمانی ساڵی **1979** و چەندین كۆڕو كۆبوونەوەی دی نیشانەی دیاری ئەو كاتەن.

بەڵام ئەوە بوو پاشان بە نوێژی نیوەڕۆو بە بەرچاوی نووسەران خۆیانەوە،لە چەند نووسەرێک بترازێ کە ژمارەیان لە پەنجەی هەردوو دەست تێنەدەپەڕی کە نەچوونە ژێر باری (اتحاد الادباء و الكتاب العراقيين) زیندە بە چاڵ كرا!!

دەسەڵاتی رژێمی سەپاو بە سەر رۆشبیریش دوای ئەوەی گەیشتە مەرام لە ڕووی لەباڵ یەک دەرهێنانی نووسەران کە لە یەکێتی نووسەرانی کورد (تاکە رێکخراوێک کە تا رادەیەک بە دەست نوێژ مابووەوەو سەر بە بەرەی گەل بوو) کۆببوونەوە، پاش ئەوەی ناوەکانیان لە رۆژنامەو هۆیەکانی دیکەی راگەیاندن بڵاوکردەوە، بە دەلاقەی ئیهمالی و بێ بایەخی هەڵپەساردن..

ئیتر لەو ساوە پێدا وەرە تا دەگاتە راپەڕین، واتە لە



ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا «راپەڕین» شتێک نەما بەو ناوەو (فرع الحكم الذاتي!)ی ئیتیحادی ئودەباو کوتتابیش، هەموو نووسەران و رۆشنبیران دەزانن چی بوو و چی نەبوو، ئەو موزایەدانەی لە دوای راپەڕینەشەوە بووە بە عادەت لای هەندێ، بە ڕای من سەر لە بن گڵ نان و خۆڵ بەچاو داکردنەو هیچیتر، وەک ئەوەی هەندێ لە برادەران ئەم خەڵک و خوایەی نەچوونە ژێر بارەکەوە قەرازریش دەکەنەوە! یەکێتی نووسەرانی کورد لەو دەمەوە فت بووە کە تەسلیم بە عبدالامیر معلەو مەربەدەکانی بەغدا و هاونشینەکانی کرا..

دیارە ئەم کارو هەڵوێستەی رژێمیش هەروا روکەش و سادە نەبوو، وەک هەندێ ساویلکە تێی گەیشتبوون و هەندێکی تر بە زۆر بیانووی جیا جیاوە کردیان بە ئەمری واقیع، یا رەنگ دانەوەی هەل و مەرجێکی تایبەتی، بەڵکو بەشێک بوو لەو گەمارۆ کولتووریەی کە بە پلانێکی لە پێشدا نەخشە بۆ کێشراو بەڕێوەدەچوو، وەک ئاشکرایە لە دوایشدا کۆمەڵێک پڕۆسەی دیکەی لەم چەشنەی بەدوا داهات، لەوانەیش بڵاوکردنەوەی هەردوو رۆژنامەی (ئاسۆ)و(بزاڤ) کە ئەویش جێگای داخێکی ترە هەندێ لە نووسەرانی پاک و

رابردووپاکیشی پێ هەڵخەتێنرا، لە کاتێکدا دەبووایە لەبابی (اضعف الایمان)ەوە موقاتەعە بکرێن، چونکە گومانی تێدا نییە هەردوو رۆژنامە بۆ هەمان مەبەستی گڵاو بڵاودەکرانەوە، کە لە لایەکی ترو بە شێوەیەکی تر (بەربەستی بێخەمە)ی پێ هەڵدەنرا... ئەوە بێجگە لە پرۆسەی بەربڵاوی راگواستن و وێرانکاریی و ئەنفال و تا دێ و تادێ و تادێ..

(راپەڕین) کە بە زەبری هێزی لە بن نەهاتوو و تووڕەیی گەلەکەمان لەبەرامبەر زوڵم و زۆری دوایی نەهاتووی دوژمن(بەر لە هەموو حزب و گرووپ و کەسێک) بە ئەنجام گەیشت، دیارە قۆناغێکی نوێی لە مێژووی پڕ لە هەڵکشان و داکشانماندا دەسنیشان کرد. لەم ڕاستەشدا نووسەرو رووناکبیران هەر زوو هەلیان قۆزتەوەو لە هەرای خۆشی راپەڕین دا کە هەست دەکرا زۆر بۆشایی هەن پێویستە پڕ بکرێنەوە، ئەوە بوو بە ئامادەبوونی دوو نوێنەری (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) کە لە شاخ لە ئەنجامی کۆنگرەیەکی یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی (کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان)و(یەکێتی نووسەرانی کوردستان) پێکهاتبوو.



دەتوانم بڵێم کۆمۆنەی رووناکبیران لە هەولێر، لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کە لەو دایەرانە بوو خۆشبەختانە بێ، یا بەر هەر هۆیەکی دیکە دەستی رەشی (RR)ی پێ نەگەیشتبوو کۆبوونەوەو وێڕای ریسوا کردنی بەرەوڕوو و بە ئاشکرای نووسەرانی دژ بە سەنگەری گەل و قەڵەمفرۆشان، لیژنەیەکی کاتیی بەڕێوەبردنیشیان لە پێنج کەس هەڵبژارد، لە ژێر ناوی (لیژنەی کاتیی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردستان) کە لە (جەلال بەرزنجی و سعداللە پەرۆش و گوشاد حەمە سعید و عباس عبداللە یوسف و نەژاد عزیز سورمێ) پێکهاتبوو. باشە لە هەلومەرجێکی بڕوانەکردەی وادا کە پیاو لە خۆشیان نەیدەزانی چ بکا.. لە هەلومەرجێکدا کە وەک دەڵێن کەس بە کەس نەبوو، ئێمەی لیژنەی کاتیی بێ بارەگاو بێ هیچ ئیمکانیاتێک و بێ هیچ ... چ بکەین باشە؟! ئەوەبوو بە شێوەیەکی کاتیی (یانەی ڕاگەیاندن-نادی اعلام)مان بە هەزار حاڵ کرد بە بارەگا، ناوە ناوەش رێکخراوی حزبێک لە حزبەکان دەهات و دەیویست دەرمان بکا..

داخۆ لیژنەیەکی کاتیی بێ چەک و بێ هیچ ئیمکانیاتێک لە ناو لافاوی ئەو هەموو چەکدارو بارەگا چەکدارنەدا چی پێ

بکرێ کە وای لێ هاتبوو لە نێوان هەر بارەگاو بارەگاو بارەگایەکی تر، بارەگایەک بوو.

هێشتا خوێن هەر بەسەر شەقامەکانەوە مابووەوە.. لەو کاتەدا وا بە باش زانرا چەند لیژنەیەک بۆ بەخشینی خوێن و خزمەتکردنی بریندااران لە نەخۆشخانەکان و پاشانیش بیر لەوە کرایەوە کە چەند کۆڕێکی هۆشیارکردنەوە بگیرێ (ئەویش بە داخەوە دواجار بە هۆی شڵەژانی بارودۆخ نەکرا) پاشانیش سەردانی لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەو دەرەوەی بەرەی کوردستانی بکرێ. هەڵبژاردنی لیژنەی کاتیی بە ماوەیەکی کەم پێش ئازاد کردنی کەرکووک کرا، دوای ئازادکردنی کەرکووکیش، جگە لەوەی بارەکە کەوتە ناو قاوخێکی ترەوە، هێزی بەهێزی پاتاڵیش کەوتە قۆناغێکی دیکەو وەزعەکە وردە وردە، بەرەو شڵەژان چوو تا کۆڕەو (هەڵات هەڵات)ـە مێژووییەکەی بەسەرداهات. ئیتر نووسەرو رووناکبیرانیش وێڕای خەڵکی کوردستان وەک ئاردی ناو دڕک هەر یەکەی کەوتە لایەک.. دوای نەبەردی قارەمانانەی (کۆڕێ) و دەسپێکردنی مفاوەزات و چوونی وەفدی یەکەم بۆ بەغدا و ئاساییبوونەوەی نسبی بارودۆخ، (لیژنەی کاتیی هەڵبژێردراو) جارێکی دیکە لە شەقڵاوە، کە



ئەوسا بنکەو بارەگای زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی لێ بوو، کەوتەوە خۆو لە سنووری ئیمکانیانی بەردەست هەوڵ بدا چالاکییەک بنوێنێ کە ئەو دەمە هیچ چالاکییەکی جەماوەریی و کولتووریی نەبوو، لەم رووەوە بۆشاییەکی هەست پێکراو هەبوو، لەلایەکی دیکەوە تاکە هۆی راگەیاندنی رۆژانە بە تەنیا دوو ئیستگەی رادیۆ بوو (دەنگی کوردستانی ئێراق و دەنگی گەلی کوردستان)..

بۆیە لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا لیژنە چەند بڕیارێکی دا لەوانە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی هەفتانەی نیو سەعاتی بە مەرجێک لە هەردوو رادیۆداو لە یەک کاتدا بڵاوبکرێتەوە، (جێگای شانازیمە کە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئەو بەرنامەیە بە من سپێردراو تا دوا رۆژی کۆنگرەی راپەڕینیش بەردەوام بوو و (19) نۆزدە ئەڵقەی لێ بڵاوکرایەوەو بەردەوام چالاکی لقەکانی تریشی بڵاودەکردەوە)..

هەروەها دانانی پرۆگرام و بەرنامەیەک بۆ گرتنی کۆڕو سمینار کە ئەویش تا لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دانرا زۆر بەرێک و پێکی بەڕێوە دەچوو..

(لقی هەولێر یەکێتی نووسەرانی کوردستان) کە دەتوانم

بلّێم تا ڕادەیەک کاری مەڵبەندی گشتیشی بەڕێوەدەبرد، مینبەرێکی ئازادی تەنانەت سیاسیەکانیش بوو، نوێنەرو هەوادارانی هەموو هێزە سیاسیەکانیش بێ جیاوازی لە کۆڕەکانی دا ئامادە دەبوون و بەشداریان لە دانوستاندا دەکرد.

خاڵێکی تر کە بڕیاری لەسەر درا پەیوەندی کردن بوو بە نووسەران و بە لقەکانی تریش کە ئەوانیش ماوەیەک بوو لیژنەی کاتییان هەڵبژاردبوو. ئەوە بێجگە لە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بە منداڵان ئەویش بە هەمان شێوە لە هەردوو ئیستگە بڵاو بکرێتەوە کە ئەوەیش بە مەولود ئیبراهیم سپێررا.

یەکێتی نووسەران سەرەڕای هەندێ کۆسپ و تەگەرەی لابەلاوە کە لە ئەنجامی تێکنەگەیشتن و حەفت و هەشتی بێزنتییەوە هاتبوونە پێش و سەرەڕای هەڵوێستی سلبی و خۆپەرستی و هەڵپەرستی زیاد لە پێویستی هەندێ (کە لە دوایشدا زۆر بە زەقی لە کۆنگرەی ڕاپەڕین ئەنجامەکانی دەرکەوتن و بە زیانی یەکێتی ریزەکانی ناو نووسەرانەوە تەواوبوو)، بە گەلەکاریی و دوور لە ڕەئیس و مەرئووس، لیژنەکە کارەکانی بەڕێوەدەبردن و بڕیاریش وابوو هەوڵ بدرێ



گۆڤارێک بڵاوبکرێتەوە، کاریشی بۆ کرا.. بەڵام ئەوەبوو لەسەر خواستی زۆر لە ئەندامان و نەبوونی مەڵبەندێکی گشتی، وا بەباش زانرا هەوڵ بدرێ کۆنگرە بگیرێ، بە تایبەتیش لقەکانی تریش لیژنەی لەو چەشنەیان هەبوو، بەڵام وەک وتمان هیچ دەستەیەک نەبوو مەڵبەندی گشتی پێک بهێنێ، بێجگە لە کۆمەڵێک ئیش و کاری دیکە کە لە دەسەڵاتی ئەو لیژنانەدا نەبوو..

ئەوەبوو لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا کە نوێنەرانی زۆربەی لقەکانی تێدا ئامادەبوو دوای دانووستانێکی زۆر و هاتنە پێشی هەندێ گیروگرفتی لابەلا، بڕیاردرا لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێک بێ ناوی کۆنگرەیش- بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم کە من پێشنیارم کردو لە پاڵ ئەویشدا پێشنیاری دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بە ناوی (کۆنگرە) کە ئەویش هەر بە شەرفێکی گەورەی دەزانم کە بەمن وەک سەرنووسەرو ئازاد جوندیانی و مەولود ابراهیم و نەوزاد علی وەک دەستەی نووسەران و شەوقی و رێکار احمد و عبدالرحمان مستەفاش وەک یاریدەدەر سپێررا و تاقیکردنەوەیەکی نوێ و تژی ماندوو بوون.. بەڵام خۆش بوو.

(کۆنگرە) جگە لەوەی یەکەمین تاقی کردنەوەی کوردی بوو
کە رۆژنامەیەک بە درێژایی رۆژانی کۆنگرەی رێکخراوێک
دەربچێ (ئەگەر بکرێ بڵێین) یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەیش
بوو دوای راپەرین لە ناو جەرگەی کوردستان و لە
کەشوهەوایەکی ئازادەوە دەربچێ. ئەوی ڕاستیشە هەر چەند
لیژنەی ئامادەکاریش هەبوو بەڵام زۆربەی کارەکانی
ئامادەکردنی کۆنگرە ئەندامانی لیژنەی کاتیی ئەنجامیان
دەدا، وەک ئامادەکردنی دروشم و باجی بەر بەرۆکی تایبەت
بە کۆنگرەو پێداویستەکانی تر.

بەڕاستی شەقڵاوە لە کاتی بەستنی کۆنگرەدا سیمایەکی
گەرم و بزاڤێکی گەرم تری پێوە دیاربوو.

بەڵام کارەساتی (فت بوونی) سەر لە نوێی یەکێتی
نووسەران لە دەسپێکردنی کۆنگرەوە دەستی پێکرد، کە زۆر
بە داخەوە کۆنگرە سەرەڕای ئامادەکارییەکی باش و
رێکوپێک ئەو ناوەی لێ خەسار بوو کە لێی نرا!!

بەڕای من ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ:

**1-** پێداگرتنی زیاد لە پێویست بە گوێرەی کاتی بەستنی
کۆنگرە لە مەشدا نەتوانرا بەرنامەیەکی خەست و پڕ بە
پێستی بۆ دابنرێ کە لەو ماوەیەدا (3 رۆژ) گفتوگۆی لەسەر



بکرێ ،و بڕیاری پێویستی دەربارە بدرێ، بەتایبەتیش
(کۆنگرەی راپەرین) بێجگە لەوەی یەکەمین کۆنگرەبوو دوای
ئەو هەموو ماڵوێرانیو گەمارۆ پلان بۆ کێشراوەی
کولتوورییەوە ببەسترێ، یەکەمین کۆنگرەیش بوو دوای
راپەرین،چونکە تا ئەو دەمە هیچ گرووپ و حزب و
رێکخراوێک کۆنگرەی نەبەستبوو.

**2-** کۆنگرە نەیتوانی سوود لەو هەلومەرجە ئیجابیانە
وەربگرێ کە لە راپەرینی گەلەکەمان پشتیوانی دنیا بۆی،
بەتایبەتیش دوای کۆڕەوە مێژووییەکە، هەروەها نەیتوانی
سوود لەو گیانی بەرەییە تارادەیەکی زۆر باشە وەربگرێ کە
ئەوسا لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی ناوبەرەو دەرەوەی بەرە
لە گۆڕێ بوو.

**3-** وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاد لە پێویستی ئەندامان (پێش
هەڵبژاردن؟!) لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە کە زۆریان
نەک هەر نووسەر نەبوون بەڵکو تێشیان دابوو
خوێندەواریەکی لەو چەشنانەشیان نەبوو؟!!

**4-** هەڵپەی هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرە بۆ خۆ هەڵبژاردن بە
تایبەتیش کە هەندێکیان کاری سیاسی و ئیلتیزامی
حزبایەتیان هەبوو و هەر خۆیان بەر لە هەموو کەسێک

دەیانزانی ناتوانن (بەهۆی مەرکەزی حزبییەوە) خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری یەکێتی نووسەران تەرخان بکەن، ڕێگای لەو نووسەرانە گرت کە پێش کۆنگرەیش لە یەکێتی نووسەران زیاتر بوارێکی تریان نەبوو چالاکی تێدا بنوێنن.

بەم جۆرە نە ئەوان دەرچوون، نە ئەوانی کە دەرچوون(وەک لە دوایشدا دەرکەوت چیان پێ کرا..

5- کۆنگرە هیچ حسابێکی بۆ ئەو نووسەرە قەڵەم پاک و خۆڕاگرانە نەکرد کە بە درێژایی ساڵانی ترس و و تۆقاندن و کاربەدەرکردن و گەمارۆی ڕۆشنبیری خۆیان پارستبوو و هەڵوێستیان لە بەرامبەردا نواندبوو.

6- (کۆنگرە) هیچ بڕیارێکی نەدا و کارێکی ئەوتۆی نەکرد ڕێز لە نووسەرانی شەهید بگیرێ (لەوەی بترازێ کە ئێمە پێش کۆنگرە بە هاوکاری لیژنەی ئامادەکاری پۆستەری تایبەتیمان بۆ لە چاپ دان و پاشانیش لە ڕۆژنامەی (کۆنگرە)دا ڕۆژانە ناوی پیرۆزیانمان تۆمار دەکرد وەک بەشێک لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرە).

7- گەلە کۆمەکیەک بە ماوەیەکی کورت پێش کۆنگرە لە ئەنجامی هەڵسانگاندنی هەڵەی چەند نووسەرێک و خۆ پەرستی و تێنەگەیشتنی هەلومەرجەکە لە هەولێر کرا( کە



ئەوسا لیژنەی تەنسیقی لێ بوو بە ڕێبەری بەرەی کوردستانی) دژ بەوانەی کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە دەسبەکار بوونی یەکێتی نووسەران دەوری بەرچاویان هەبوو و لە شەقڵاوە کە ئەوسا ناوچەیەکی ئازادکراو و تەنها هێزی پێشمەرگەی تێدابوو مابوونەوە، ئەمەش وای کرد زۆر لەوانەی کە تا دوو ڕۆژ پێش کۆنگرە لە کوردستانیش نەبوون لە کەلێنی ئەو سلبیاتانەوە بێنە ناو و بیقۆزنەوو پاشانیش خۆیان هەڵبژێرن و ببن بە دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی و یەکێتی نووسەران بەو دەردە ببەن کە وەک دەبینین بردیان

-(ئەڵبەت من لێرەدا مەبەستم هەموویان نییە).

هەندێکیان لەو ساوە هەر بۆ دیتنیش نە دیتراون چ جای دەسبەکار بوون. ئەمانە و سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە برایان کاک فوئاد و کاک حەمە فەریق و شێخ حەسیب و کاک شێرزاد، باسیان کردوە.

دەربارەی بیانووی نەبوونی پارەو ئیمکانیاتی دیکەشەوە بەش بەبار وەک لە کۆبوونەوە گشتییەکەی ماوەیەک لەمەوبەری نووسەرانیش کە لە هەولێر بەسترا ئاماژەم بۆ کرد، پێم وایە کە بیانوویێکە و بیانوویەکی متمانە

پێکراویش نییە، چونکە وەک لە پێشدا باسم کرد، ئێمە لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان وەک لیژنەی کاتیی فلسێکی ئەحمەرمان لە بەر دەست دانەبوو ، تەنانەت بۆ بەرنامە ئیستگەییەکەش لە سەرەتادا زۆر جار لەسەر کاسێتی کۆن تۆمارمان دەکردو چەندین جار بە ئۆتۆمبێلەکەی کاک جلال بەرزنجی پێکەوە دەچووینە هەردوو رادیۆ، تەنانەت برایانی ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان خۆشیان هەستیان بەمە کردبوو و هەوڵیشیان دا وەک یارمەتی شەخسی یارمەتیمان بدەن، بە تایبەتیش هی من کە دەیانبینی بە هەزار حاڵ دەگەمە ئەوێ و دەبوایە زۆر جار ئەگەر کاک جلال لەوێ نەبوایە تاکو پردی گەلاڵە بە دوو قۆناغ بە ئۆتۆمبێل و لەوێشەوە بە پێ بۆ گەلاڵە بچم بۆ تۆمارکردن و لەو سەریشەوە بگەڕێمەوە بۆ چیای قەلەندەر بۆ رادیۆی دەنگی کوردستان..

لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ پێزانین و سوپاس وەرمان نەگرت.

لە شەقڵاوەش هەموو ئەو کۆڕو سیمینارانەی لەلایەن لیژنەی کاتییەوە ساز دەکران، برادەران ئەوانەی لەوێ بوون دەزانن بە یارمەتیەکی سوپاس لێکراوی زۆرکەم و پچڕ پچڕەوە بەڕێوە دەچوون. ئەمەش وای کردبوو یەکێتی نووسەران



سەنگ و قورسایی تایبەتی خۆی هەبێ و حسابی بۆ بکرێ و حزبەکانیش ڕێزی تایبەتی لێ بنێن و لە هەمان کاتدا مینبەرێکی ئازادیش بێ بۆ هەمووان، یان وەک کاک شێرزاد دەڵێ: هەڵوێستی هەڵپەرستانەی هەندێ لە نووسەران کە هەڵوێستێکیان لە بەرامبەر ئەم پاشاگەردانییە پیشان نەدا، لەلایەک گلەییان لە حاڵ و وەزعێکی وا دەکرد، وەکی دی لای دەستەی بەڕێوەبەرو کاربەدەستانی مەڵبەندی گشتی قسەی تریان دەکرد..!

یاخود وەک کاک حەمە فەریق دەڵێ: کە پێم وایە باشیشی بۆچووە ئەوانەی لە هەشتاکان یەکێتی نووسەرانیان بە بروبیانووی هەڵخەڵەتێنراوی جۆراو جۆرەوە تەسلیم بە دوژمن کرد.. لافاوی (ئەهلی تەقەڵ)یش لەو لاوە بوەستێ..

زۆر بەداخەوە هەندێ لە برادەران وایان دەزانی ئەگەر لە کۆنگرە دەربچن و ببنە دەستەی بالا، دەبنە پاشای سەر تەخت!! لە کاتێکدا جارێکی تریش بە داخەوە یەکێتی نووسەرانیان بەو دەردە برد کە ناو و سەنگی لە کولەکەی تەڕیشدا نەمێنێ و کردیان بە چەند تابلۆیەکی هەڵواسراوی سەر چەند شوققەیەک و هیچیتر.. ئێمە چاوی ئەوەمان لە یەکێتی نووسەران بوو وەک لایەنێک، نەخێر وەک زمانەی

دڵنیاییش بۆ یەکێتی ڕیزەکانی گەلەکەمان بچێتە ناو (بەرەی کوردستانی).. ئینجا بۆچی نا؟ (ئەگەر نووسەران خۆیان بالفعل شتێک بن و خۆیان بە شت بزانن) مەگەر کام لایەن لە نووسەران لە موعاناتی میللەتەکەمانەوە نزیکترە بۆ ئەم کارە پیرۆزە..

کەچی بەداخەوە بە پێچەوانەوە کەوتەوە..

من بەش بە حاڵ هەرگیز لەو باوەڕە دانیم ئەگەر نووسەر نووسەر بێ و خۆی بە ویژدانی گەلەکەی بزانێ، سیاسیەکان لە هەر پلەوپایەو مەقامێک دابن بتوانن زەفەری پێ ببەن و دەستەمۆی بکەن و هەرچی ئەوان ئینشای بکەن، ئەویش ئیملای بکا ...

بەڵێ ڕاستە باری ناهەمواری ئابووری و بژێوی نووسەران شتێکی بەڵگەنەویست و پێویستە. وەک سێ ساڵ لەمەوبەریش لە وتارێکمدا (سەرەقەڵەمێک بۆ مێژوو) هەمان شتم گوتووە،- کە لە شوێنێکی دیکەی ئەم نامیلکەیەدا بڵاوکراوەتەوە بە تایبەتیش لە ژێر دەسەڵاتی نیشتمانیدا، پێویستە مسۆگەر بێ و کەرامەتیان پارێزراو بێ ..

بەڵام نووسەرانیش پێویستە ئەو ڕاستیەیان لاروون بێ کە



قەدەریان ئەوەیە لە هەمووان زیاتر بەرگری بارە نالەبارەکان بگرن، بەڵام لایەنی ویژدان، لای گەلەکەیان بەرنەدەن.. کە لەم ڕاستەشدا پێم وایە یەکێتی نووسەران دەکراو لەسەریشی بوو ئەو دەورە ببینێ .. دەنا خۆ یەکێتی نووسەران پەیمانگاو دەورەی پێگەیاندنی نووسەران نییە.

مەسەلەی ئەم ڕێکخراوە، مەسەلەیەکی پیشەیی و ئیدارییە.. هەر لێرەشدا مەرج نییە ئەوەی دەبێ بە سەرۆک یا ئەندامی دەستەی باڵا، نووسەری چاک، یاخود چاکترین نووسەر بێ، بەڵام مەرجە ئیداریی چاک بێ و لەم بوارەدا هەوڵ بدا ڕێگا بۆ نووسەران خۆش بکا دەوری پێشڕەوی خۆیان لە باشترین شێوەدا ببینن.

پاشان برایانی دەستەی بەڕێوەبەرو سەرۆکی یەکێتی کە جگە لەوەی ئەندامی پەرلەمانیشەو پەیوەندی بە زۆربەی لایەنە سیاسیەکانیش هەیە، ئەوەندە باسی پارە دەکەن، دەبووایە لە باتی سواڵ و سەدەقەی ئەم حزب و ئەو حزب هەوڵیان بدابووایە بودجەیەکی دیاری کراوی مانگانە یا ساڵانە (وەک حەقێکی ڕەوا) بۆ بەڕێوەبردن و تەنانەت بژێوی هەندێ لە نووسەرانی متفەرغیش دابین بکەن باشتر نەبوو؟ بەڵام ئەگەر یەکێتی نووسەرانێک کە مێژوویەکی پڕ سەروەری هەبێ تا

هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لە کاتێکی ئەنگوستە چاویشدا لە ژێر حوکمی رژێمی بەغدا، تا ئێستاش بە دەستی خۆمان کردمانە (سفری پاش فاریزە) و ئەندامانی دەستەی باڵا کە لە دوو سێ زیاتر هەر (موجود)یش نەبن و خۆیان بە خاوەنی نەزانن و ئیلتزامی ئەدەبی و ئەخلاقیان بەو دەنگانەوە نەکردبێ کە لە کۆنگرەی راپەڕین دا پێیان درا، مەعلوومە وای لێ دێ وەکو لێی هاتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من ئێستاش نەچووە بچێ؛ دەتوانرێ ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێ، بکرێ هەر نووسەران خۆشیان دەتوانن چارەسەری بکەن.

مەرجیش نییە ئەم حاڵە بەبەستنی کۆنگرەیەکی دیکە چاک ببێ، چونکە وەک لە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەی هۆڵی میدیاشدا وتم، پەلەکردن لە کۆنگرە هەمان ئەنجامی کۆنگرەی راپەڕینی دەبێ، کە بەداخەوە لەلایەن هەندێ لەو برادەرانەو بە هەڵە لێک درایەوە وەک ئەوەی من دژی کۆنگرە گرتن بم.

من دژی کۆنگرە گرتن نیم، بەڵام کۆنگرەیەک وەک تاقیکردنەوەی کۆنگرەی راپەڕین بەڕێوە بچێ و یەکێتی نووسەرانێکیش ئەو هەموو ئەندامەی هەبێ هەمان ئاکامی



دەبێ (ئینجا باشە کە میللەتەکەمان ئەو هەموو نووسەرەی هەیە حاڵمان بۆچی بەم حاڵەیە؟!)

پێشم وانییە دروست کردنی گرووپ و رێکخراوی دیکە بۆ نووسەران لەم بارودۆخەدا، بتوانێ شتێکی باشتر و لە بارتر بێنێتە کایەوە، بە تایبەتیش لە نێو کەش و هەوای ئەم هەرای شەڕی ناوخۆییەدا نووسەران بەداخەوە نەیانتوانی ئەو دەورە کاریگەرە ببینن کە پێویست بوو بیبینن..

دروست بوونی رێکخراوی دیکەش مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکاو کاریگەری حزبەکان لە ناو ریزی نووسەران پتەوتر دەکاو ریزەکانمان لە باڵ یەک دەردەهێنێ..

بەڵام ئێمە دەتوانین (یەکێتی نووسەرانی کورد) بە کۆشش و هەوڵی هەمووومان ببوژێنینەوە و هەوڵ بدەین بە شێنەیی خۆمان بۆ کۆنگرەیەکی دیکە کە دەکرێ ناوی لێ بنێین، کۆنگرەی سەراحەت و نوختە لە سەر حەرف دانان، ئامادە بکەین و پلان و بەرنامەیەکمان هەبێ و هەڵوێستێک وەربگرین.. ئەو کاتە با (ئەهلی تەقەڵ)یش رێکخراوێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن.. خەمتان نەبێ دیموکراسیەتە حەیاتەکەی ئێمە کە لە هیچ دیموکراسیەتێک ناکا!! جێی سەد ئەوەندە رێکخراوی دیکەی تێدا دەبێتەوە.


سیاسەت و کەلتوور
ڕێگایێک یان دوو

**بەدواداچوونێکی وتارەکەی مامۆستا عەزیز محەمەد**

# «دەربارەی هەڵوێست لە کولتوورو پەیوەندی بە ڕووناکبیرانەوە»

# سیاسەت و کولتوور

# ڕێگایێک یان دوو



**بەدواداچوونێکی وتارەکەی مامۆستا عەزیز محەمەد**
**«دەربارەی هەڵوێست لە کولتوورو**
**پەیوەندی بە ڕووناکبیرانەوە»**
**سیاسەت و کولتوور**
**ڕێگایێک یان دوو**

سێ مانگ لەمەوبەر سیاسەتمەداری ناسراوی کورد مامۆستا عەزیز محەمەد وتارێکی گرینگی دەربارەی هەڵوێستی حزب (حزبی شیوعی) لە بەرامبەر کولتوورو پەیوەندی بە ڕووناکبیرانەوە بڵاوکردەوە- بڕوانە ڕێگای کوردستان بە عەرەبی 1994/3/1.

بەش بە حاڵ دامنابوو ئەم وتارەی مامۆستا عەزیز محەمەد لە سەروەستان و دانووستاندنێکی چاکی لە هەردوو نێوەندی سیاسی و ئەدەبیمان لەسەر دەکرێ و جێگای بایەخی تایبەتی دەبێ، بەوەی چەند مەسەلەیەکی خستۆتە روو کەپەیوەندی بە هەردوولا، رووناکبیران و سیاسەتمەدارانەوە هەیە.

کەچی بەداخەوە وەک زۆر شتی ترمان لە ناو لێشاوی فڕان فڕاندا هات و تێپەڕی!

دیارە ئەم بە دواداچوونە کورت و ناقابیلەی منیش زیاتر لەم مەبەستەوە سەرچاوەی گرتووە.

بایەخی وتارەکەی مامۆستا عەزیز محەمەد بەدەر لە ناوەڕۆک و ئەو بۆچوونە واقیعی و بابەتیانەی تێیدا هاتبوون.. لە وەختێکیشدا هاتووە کە کەلێنی هەست پێکراو لە هەردوو سەر، دەوری رووناکبیرو نووسەران لە ژێر سایەی دەسەڵاتی نیشتمانیدا، هەروەها پەیوەندی حزب و لایەن و گرووپە سیاسییەکانی گۆڕەپانی (ئازاد...!)ی کوردستان بە رووناکبیرانەوە دەبینرێ.

بۆیەش دەڵێم (کەلێن)، چونکە ئەو دەورەی لە رووناکبیرانەوە چاوەڕوان دەکرێ، بە تایبەتیش لە کاتێکی



ناسکی وەک ئەمڕۆ، زۆر زیاترە لەوەی هەیە.

لە سەرێکی دیکەوە سەنگی رووناکبیرو و نووسەران، لای لایەنە سیاسییەکان، بە داخەوە ئەو سەنگە نییە کە بە دەر لە بەرژەوەندییە سیاسی و کاتیەکانی ئەو لایەنانە لە خودی خۆیەوە سەیر کرا بێ، هەر لێرەدا دەورەکە بە راشکاوی و روونی دەورێکی بێ سەنگ و لە پەراوێزدایەو بووە.

نووسەر لە قەڵەمەکەی زیاتر چی هەیە (کە رەنگە لە رۆژگاری وەک ئەمڕۆ ژیانێکی مەمرەو مەژیشی پێ دابین نەبێ)، مەسەلا ئەگەر ویستی هەولێک بەو رووکارە بدا تەرازووە لاسەنگەکان راست بکاتەوە.

لەوەش وێوەتر رەنگە لە سەریشی بکەوێتەوە، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکی وەک هی خۆمان بەوەی رووناکبیران تا ئێستا ئەو زەمینەیان پێ خۆش نەکراوە کە پێیان نەگوترێ چ کاریان بە سیاسییەکاندا هەیەو بۆ دەست لە کاروباریان وەردەدەن.؟.. باسی بیرۆکراتیەتی زۆر لە سیاسییەکانیشمان ناکەم.

ئەمەش واقیعێکە، ئەگەر چی تاڵیش بێ..

کام نووسەر لای ئێمە لە (راپەڕین)ەوە تا ئێستا کە بە دەیان کارەساتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤی دیوەو

بیستووەو پێی دەزانێ پەنجەی بۆ درێژ کردووەو مەحکوومی کردووە؟ لەوەی زیاتر ئەگەر کەم تا کورتێک ئەویش لەم لاولەولادا نووسرا بێ کە ئەویش هەمیشە لە شێوەو قاوخێکی گشتی و ناڕاستەوخۆدا بووەو ڕەنگە نووسین و نەنووسینی وەک ئەوە وابووبێ ئاسنی ساردی کوتابێ! ئەم حاڵەتە دەق گرتووەیش گومانی تێدا نییە کە هەڕەشەو گەفێکی توند نەک هەر لە ئێستامان بەڵکو لە ئاینیدەشمان دەکا. بەرای من هەڵسوکەوت و هەڵوێستی لایەن و سیاسییەکانی کورد لە بەرامبەر ڕووناکبیرانیش ئەگەری هەرە لە پێشی ئەم پاشاگەردانییەیە، ئەگەرچی ڕووناکبیران خۆشیان لە خۆیان دا هۆیەکی دیکە بن.

مەرجیش نییە ڕووناکبیران هەمیشە، تەنانەت لە مەسەلە سادەکانیشدا تا بە مەسەلە چارەنووسیەکان ڕادەگا لەگەڵ سیاسییەکاندا بێنەوە.. لەو ڕاستەشدا هەڵوێستی ئەو لایەنە لە بەرامبەر پرۆسەی دیموکراسیەت و ڕادەی بە هەندگرتنی دەوری ڕووناکبیران کاری خۆی بە هەردوولادا دەکا، پێشڤەبر و پاشڤەبر (سلبی و ئیجابی).. لەم ڕووەوە مامۆستا عەزیز محەمەد لە وتارەکەیدا باشی بۆ چووە کە دەڵێ:

«ڕەنگە ڕۆشنبیر هەندێ جار لەگەڵ حزبدا دووچاری هەندێ



گیروگرفت ببێ، بە تایبەتیش کاتێ پێوەری حزبەکە تەسک بێ..

لەو بڕوایەدام پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نێوەندەدا (نێوەندی ڕۆشنبیران) بەرچاومان ڕوون بێ و بێنمان لەم حاڵەتانەدا تەنگ نەبێ ..» ڕێگای کوردستان 1994/3/1.

یان کە دەڵێ:« وەک واقعیش برادەرو شەخسیاتی کولتووری ناسراوی وڵات هەبووە لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە یا ئەویان ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵوێستیان لەگەڵ حزبماندا (حزبی شیوعی) نەهاتۆتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە کارو کردەوەو چالاکییان وەک بەر ئەنجام چووەتەوە هەمان جۆگەلە ..» ڕێگای کوردستان 1994/3/1.

وەک دەبینی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ڕاست ئەوەیە لایەنی سیاسی (نیشتمانی) حسابێکی بەر فراوانتر بۆ ڕووناکبیران بکاو لە ئاست مەسەلەکانیان دا بەرچاو ڕوونتر بێ، کە ئەمەش بە ڕای من بەشێکە لە بڕوا بوون بە پرۆسەی دیموکراسیەت و بەهەند هەڵگرتنی دەوری ڕووناکبیران بەشێکە لەو ئایندەیەی خودی حزبەکە خەباتی بۆ دەکاو هەمیشە نوقڵانەی بۆ لێ دەدا، نەک بە پێچەوانەوە، نووسەر و ڕووناکبیران وێڕای باری نالەباری هەمیشەیی ئابووری و

چەشنەها فشاری نەفسی، لەوەیشدا بسەنگرێنەوە قسەیەک بکەن یا هەڵوێستێک وەربگرن موحاسەبە بکرێن، کە رەنگە زۆرجار کار بکاتە رادەی گەف لێکردن و تیرۆریش!! لێرەدا مەسەلەکە یەکالاتر دەبێتەوە کە دەوری رووناکبیران لە کوردستان بمانەوێ و نەمانەوێ بە چۆنیەتی هەڵوێستی ئەو لایەنانەوە بەندە لە بەرامبەر پرۆسەی دیموکراسیەتدا، بە تایبەتیش هەردوو زلهێزی گۆڕەپانەکە. دەوری رووناکبیرانی ئەورووپایش (بە هەندێ جیاوازیەوە) هەر لە زووەوە، لە زەمانی زۆلاو سارتەرو مالرۆ و پێش و دوای ئەوانیش هەروا بوو.. لەم روانگەیەوە بوو، لە روانگەی هەڵوێستی حوکم بەدەستان لە بەرابەر پرۆسەی دیموکراسیەتدا، ئینجا رادەی بەهەندهەڵگرتنی سەنگ و شوێنی نووسەران و رووناکبیران لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵەگەو پەیوەندییان بە گەلەوە کە لە سیستەمە دیموکراسیە پێشکەوتووەکاندا سەروچاوەی حوکمی لەدەستدایە.

رووناکبیران لە بارودۆخێکی واو لە دووریانێکی وەک ئێستامان وای دەبینم پێویست بێ ئەو حەقیقەتەیان زیاتر لا روون بێ، وەک مامۆستا عەزیزیش ئیشارەتی پێ داوە کە «... بەرهەمی فیکریی رۆشنبیران لە سنووری شوێنکات و



چوارچێوەی بایەلۆجی بەدەرە..» لەکاتێکدا ئاشکرایە سیاسەت بەو چەشنە نییەو سیاسیەتمەدارنیش لە پاساودانی بۆچوونەکانیان (هەڵە یان راست) زۆر زۆرت خاتر بگرن (گەمەی مەحاڵ)یشت بە (هونەری مومکینات) پێ دەسەلمێنن.

رووناکبیران بەڕای من هەر بەم جۆرەش دەتوانن بڵێن ئێمەیش هەین.. سیاسەتمەدارنیشمان ئەگەر بەرژەوەندیەکانیان خر گرەوەترو فراوانتر ببینن ئەمەیان لێ شاراوە نییە، کە ئەمەیش دەڵێم وای بیر لێ ناکەمەوە پێویست بێ رووناکبیر هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا دوو هێڵی تەریب پێک بهێنن، ئەگەر وا بکەوێتەوە، ئەو دەمە هیچ گومانی تێدا نامێنێ کە سەر لە نوێ دەکەوێتەوە ناو ئەڵقەیەکی دیکەی بە تاڵ و ئەو کارە کاریگەرەی نابێ کە پێویستە بیبێ.

راگرتنی ئەم هاوکێشە لە ترکزەیەش بە پێویست دەزانم بە تایبەتییش لەم ئان و ساتەدا، بە تایبەتی تریش بۆ گەل و وڵاتێکی کارەساتاوی وەک گەل و وڵاتەکەی ئێمە، بەتایبەتی ترینیش کە چەند ساڵێکی دی پێ دەنێینە سەدەی بیست و یەکەم.

وتارەکەی مامۆستا عەزیز محەمەد کە پتر لە کێشەیەکی لە کێشە هەنووکەییەکانی پەیوەنددار بە سیاسەت و کولتووری تێدا هاتووە بە رای من زەنگێکی وریا کردنەوە بوو، لەوەختی خۆیشیدا بوو، ئەگەر چی ئەو زەنگی بۆ حزبەکەی، کە تاقی کردنەوەی بە پیتی تێدا هەیە لێ داوە، بەڵام زەنگەکەی بە جۆرێک لێ داوە کە لە تەواوی گەڕەکێشدا ببیسترێ. لە هەمان کاتیشدا بۆ رووناکبیرانیشمانە. کە رێگا تەنها یەک رێگایە، ئەو رێگایەی دەگاتە جێ..

---

* لە رۆژنامەی «برایەتی» ژمارەی رۆژی 1994/7/7 بلاوکراوەتەوە



# زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو یا دیالێکتچیەتی؟



**زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو**
**یا دیالێکتچیەتی؟**

**(ئەم نووسینە تەواوکەری ئەو وتارەم بوو، کاتی خۆی لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا لە سەر هەمان کێشە بڵاوم کردبۆوەوە – بڕوانە ڕۆژنامەی «بیری نوێ» ژ 287 لە 1978/4/15ـ بێگومان نووسین لەسەر ئەم مەسەلەیەش بۆ جاری دووەم، لە ئەنجامی گرینگی کێشەکەوە هاتووە، بە تایبەتیش کە هەندێ دەنگی زڕ؛ نامەسئوولانەو دوور لە ڕەچاوکردنی کەمترین بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی بانگهێشتی دیالێکتچیەتی و ناوچەگەرییێتی هەڵدەدەن..!**

دیارە بایەخ و گرینگی زمان وەک یەکێک لە مەرجە بنەڕەتیەکانی بوونی نەتەوە، مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرەو پێویستی بە روونکردنەوەو لێدوان نییە..

بەڵام ئەم راستییە بە گوێرەی زمانەکەمان، بە تایبەتیش ئەمڕۆ کە بەشێکی کوردستان ئازادەو دامودەزگای ڕەسمی تێدا دامەزراوە، بەرەو ڕووی ئەرکێکی گەورەترمان دەکاتەوە..

تا ئێستا کە سێ ساڵ بەسەر راپەڕیندا رابردووە، لە زۆر بواردا ئەگەر (کاڵا لە قەد باڵا)یش شتێکمان بە شتێک کردبێ، جێی داخە هیچمان بۆ زمانەکەمان نەکردووە بیگێڕێینەوەو شایەنی باس بێ!

کە ئەمەش دەڵێم لەو روانگەوە دەیڵێم کە لێکۆڵینەوەی بناوانەکان و دیراسەت کردنی مێژووی زمانەکەمان لە مێژووی خودی نەتەوەکەمان بە جودا نابینم .

هەر لێرەدا بەش بەبار هەموو ڕاوبۆچوونێکی یەک لایەنی بەرتەسک، بەو ڕووکارەی ببێتە هۆی لێک جیاکردنەوەی دیالێکتەکانی زمانەکەمان؛

بەزانینەوە بێ یان بەنەزانین، وەک بەشێک لەو پیلانە جۆراو جۆرانەی دەیبینم کە نموونەیان لە مێژووی کۆن و نوێماندا بزر نیەو بەشێکە لە پرۆژەی ستراتیژی دوژمنان بۆ لێک دابڕینی نەتەوەکەمان و لە باڵ یەک دەرهێنانی زمانەکەمان..

دیارە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی «بە ئارەزووی تاقەکەس و دەستەیەک ئەو ڕۆڵە کاریگەرە نابینێت، بەڵکو مێژوو



دروستی دەکات»..

ئێستا بابێین بزانین مەسەلەکە چۆن دەکەوێتەوە؟

کە دەڵێین فلانە شێوە زمان ئەوەندەو ئەوەندە قسەی پێ دەکەن، بۆیە پێویستە ئەو شێوەیە بکرێت بە زمانی نووسین و ئەدەبیات، وای دەبینم ئەمە بۆچوونێکی هەڵە بێ، با نموونەیەک وەربگرین: داخۆ کام وڵاتی عەرەبی لە ناو خۆیاندا بە زمانی نووسین دەدوێن؟ لەکاتێکدا نووسەرێکی جەزایری یا میسری یا سۆدانی بەیەک شێوە زمان دەنووسن کە ئەویش زمانی ئەدەبیاتیانە (زمانی عەرەبی).

یان کە دەڵێین فلانە شێوەزمان بە نموونە (کرمانجی خواروو) کە ئێستا تارادەیەک بووە بە زمانی نووسین و خوێندنەوە؛ بمانەوێ و نەمانەوێ بەو جۆرەی کە هەیەو ئێستا پێی دەنووسرێ ناتوانین بە تەواوی بۆ هەموو میللەتی کورد پێ ی بلێین زمانی یەکگرتوو، چونکە گریمان تەواوی خوێندن و نووسین وەکو ئێستای کە هەیە لە باتی کرمانجی خواروو، کرمانجی ژوورو دەبوو، دیسان گریمان بە هەمان ئەزموون و تاقیکردنەوەشدا بڕۆیشتبووایە، داخۆ ئەو کاتە دەبوو (کرمانجی ژوورو) بکەین بە زمانی یەگگرتووی ئەدەبیمان؟ بێگومان نەء....

**یەکەم ـ** لەبەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک «زمانی ئەدەبی کردن

به دوو لەگەڵ ڕێڕەوی مێژووی نەتەوەکەمان ناگونجێت».

**دووەم ـ** چونکە زمانی ئەدەبی یەگکرتوو بە تەنها دیالیکتێک دەستەبەر نابێت بەم پێودانگە ئێمە هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری دیالیکتێکی بەرتەسکیش بین، چ جای دیالیکتێک کە ملیۆنەها پێی دەئاخڤن..

دیالیکتێکی بەرتەسکیش کە بەشێکی کەم پێی دەدوێن، لە تەک دیالیکتەکانی دیکەو ئەدەبی فۆڵکلۆریمان و زمانی نەتەوە دراوسێکان و زاراوەی زانستی نوێی دنیا. سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ زمانەکەمان و دەوری خۆیان لە پێکهێنانی زمانی یەککگرتووی ئەدەبیماندا دەبێ نەک بە پێچەوانەوە..

لەم راستەدا هەموو جۆرە بانگهێشت و پێداگرتنێکی کوێرانە بۆ سەپاندنی دیالیکتێک بەتەنێ ئەتەمی زمانەکەمان ڕەتی دەکاتەوە، ئەمەش لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێ ڕاستی مێژوو کرد کە دەسبەرداربوونیان بەو ئاسانییە نییە (هەند)ێ بۆی دەچن.

مەسەلەکە زمانە، پێویستە قودسیەتی بپارێزرێ و هەوڵ بدرێ کە ئەمڕۆ هەلومەرجێک لە گۆڕێیە، وەک هەلومەرجەکانی تر بەفیڕۆ نەڕواو زمانەکەمان هەرچی نەبێ لانی کەمی هەقی خۆی تێدا بەرکەوێ. مەسەلا ئەگەر بگونجێت بڵێین (موتربە کردن)، ڕەنگە ڕێی تێ بچێت، بەمەرجێک تەنیا لە لەشی بێ گیانی وشەکاندا نەبێ، بەڵکو دەبێ دیالیکتە جیا جیاکانی زمانی کوردی و فێربوونی ئەو دیالیکتانە بەلانی کەم لەلایەن نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردەوە ببێت بە سەرچاوەیەک چونکە «زمانی ئەدەبی یەککگرتوو ئەوە ناگەیێنێ کە شێوەی ئاخافتنیش دەبێتە یەک، بەڵکو کوردی هەر شوێنێک وەک خۆی دەیەوێ دەدوێ بەڵام هەموو کورد وەک یەک دەنووسن».

دیارە ئەم ئەرکە گەورەیە دەکەوێتە ئەستۆی نووسەر و زمانزان و ڕووناکبیرانمان کە هەوڵ بدرێ هەرچی زووترە (کۆری زمانی کوردی) یا (کۆری زانیاری کورد) دابمەزرێ بۆ ئەوەی دەورێکی سەرەکی ببینێت چ بە لێکۆڵینەوەو لێتوژینەوە، یان بەدانانی ڕێنووس و شێوەی زمانی یەککگرتوو و بڵاوکردنەوەی وەک نموونە، ئەم کارەیش باوەکو کارێکی هەروا ئاسان نەبێ، بەڵام هەنگاوێک دەبێ لەم ڕێگەیەدا..

هەروەها وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش بەڕووکاری بایەخدان بە نەشونما پێکردنی زمانەکان لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی خوێندن ڕابگرە تا دەگاتە قۆناغە پێشکەوتووەکان، ئەرکێکی گرینگی لەم بارەیەوە لە ئەستۆیە.

دەزگاکانی راگەیاندنیش ئەگەر چی بۆ مەبەستی تەبلیغات و راگـــەیاندنبن، بەڵام دەتوانن لەم ڕوەوەوە دەوری بەرچاویان لەبەرەو پێـــشـــبـــردنی ئەو هەنگاوانە هەبێ کــە دەبنە هۆی دروست بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان.. هەرچی نەبێ دەتوانن بەشـداری ئەو هەوڵانە بکەن کـە تا ئێـــســـتـــا لەم ڕێگەیەدا دراون..

بە بڕوای من لەم ڕووکـارە بەدەر، هەمـوو هەوڵێکی دیکەی کە بۆنی دیالێکتچێتەتی لێ بێ لە باتی ئەوەی زمانەکەمان بەرەوپێش ببا، زیانێکی زۆری پێ دەگەیێنێ.

---

* دەقی ناو کەوانەکان:
ـ د.عیزەدین رەسوڵ؛
«سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی»
ـ نەژاد عزیز سورمێ؛
«دەربارەی زمـانی یەکگرتووی ئەدەبیـمـان» رۆژنامـەی «بیـری نوێ ژمـارە 287, 1978/4/15.

* ئەم نووسینە لە ژمارە 2ی / 1994ی گۆڤاری (پەیڤ)ی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی دهۆک بڵاوکراوەتەوە.



### 108 ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

# پیشەسازییەکی بێ بازاڕ!





کۆڕ گەرم کردن، بە ئەوپەڕگیرییەتی و بەخۆنەوەستان، هەمیشە هاوکێشەکان بە لاسەنگی دێڵێتەوە و هێزی پێشزانی کە لە پیشەیەکی وەکو پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا پێویستە، بەرەو کزی و نابووت بوون دەبات...

لە دەسپێکی قۆناخی نوێی دوای ڕاپەرینەوە تائێستا ئەو حاڵەتە تادێ لە نێوەندی ڕۆژنامەنووسیی و کولتوریی کوردی

به گشتی تۆختر دەبێتەوە و سیماو ئادگارەکانی روونتر دەردەکەون...

ئەگینا دەرچوونی ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە لێکچووانە بۆ بازارێکی دیاریکراو چ ناوێکی بەبەردا دەبڕێ؟

هەڵکەوتێکی بێ بەرهەم، بەردەوامی لە بەهەند نەگرتن و وەلانانی پێویستیی دیکەی بەرهەمداردا دەسەپێنێ کە رەنگە خۆی لە بڵاوکردنەوەی کتێبدا بنوێنێ...

لە وەشرا دەبینین ناوەرۆک و تەنانەت دیزاینی زۆربەیان لێک دەچن، بەو ئاستەی هەندێکیان وەکو کۆپی ئەوی دیکە دێنە بەر چاو..

هەر لێرەشرا دەبینی زۆریان لە رووی ناچاریەوە دەچنەوە ناو بازنەی وروژان و رۆژنامەگەریی ورژاندن، بە قۆستنەوەی ئازادی دەربڕین لە کوردستان بە هەردوولای پێشڤەبرو پاشڤەبڕ کە بە یاسایەکی مۆدرێنی پڕبەپێستی هەلومەرجەکە تائێستا رێکنەخراوە، ئازادییەک کە لە هیچ ئازادییەکی دیکەی دنیای پێشکەوتوو و پاشکەوتوو ناکا..!!

ـ لاسایی کردنەوەی یەکتری، وەرگرتنی دیزاین بەبێ پرس سرووشتیە!!



ـ لە تاکە کەس و تەنانەت لە کۆمەڵگە یا لایەنێکی دیاریکراو لەهەڵڵادان ئاساییە!!..

ـ یەکتر شکاندن و چاو بەیەکتر هەڵنەهاتن و رێکلام بۆ ئەو دژی ئەوی دی و لە بەر چاو نەگرتنی قۆناخی پێشرەفتی کۆمەڵگە لە هەموو روویەکەوە هەر سرووشتیە و لاریەکی تێدا نابێ !!

ـ خۆ نەبان کردن لە گەلێک زانیاری باوەڕپێکراو و نووسان بە بابەتی دیکەی وروژاندنی بێ مەبەست، لەپێناوی وروژاندن و هیچی تر.

ئەمانەش دیارە تەنیا نموونەن و، لە بازاڕی ئەمڕۆی رۆژنامەنووسیی کوردیدا دەچنەوە ناو قاوخی (عەرز و تەڵەب) و لێکلێکانێی فرۆتن و ئاستی تیراژو و .... تاد.

زۆر لایەنی دیکەش کە رەنگڕێژی رۆژنامەگەریی ئەمڕۆمانن، ئەگەری ئەوەن رۆژنامەگەریی کوردی بە سەقەتیەکی نکۆڵیلێنەکراوەوە بچێتە ناو پیشەسازییەکی بێ بازاڕو بەداخێکی زۆرەوە وەکو کالاییەکی بێ برشت و مایەوە و ئێکسپایەرو کەوتووی لێبێت، کە هەموو ئەمەش لەو زۆری و بۆرییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵەد و نابەڵەد، بەهرەمەند و بێ بەهرە، نەزان و لێزانی لە بەهەڵەچوونێکی

بێ وێنەدا لە تێگەیشتنی رۆڵی رۆژنامەدا تێکەڵاو کردووە..

ئەگەرچی ئامارێکی تەواویشیم لە بەردەست دانیە، بەڵام ئاشکرایە ئەمرۆ نزیکەی تا 200 رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی رۆژانە و هەفتانە و مانگانە و وەرزی لە کوردستاندا دەردەچن..!؟

من دەپرسم، تۆ بڵێی ئەو هەموو رۆژنامەنووسانەمان هەبێت کە ئەو هەموو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە بەرێوەببەن..

تۆبڵێی بازاڕێکی لەو چەشنەمان هەبێت جێی هەموو ئەوانەی لێ ببێتەوە..

داخۆ گەلۆ کۆمەڵگەی کوردەواری، بڵێی گەیشتبێتە ئەو قۆناغە تەنانەت لە رووی ئابووریشەوە خوێنەر لەو هەموو بڵاوکراوانە چواریەکی پێ بکڕێت؟

ئایا سەرنووسەر و سکرتێری نووسینی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە لە خۆمان پرسیوە لە هەموو ئەو ماوەیەدا چیمان بە تایبەتی بۆ نەوەی نوێ بەرهەم هێناوە و لە بەرامبەر ئەو گەندەڵییەی باسی دەکەین چیمان کردووە نەوەی نوێ ئینتمای ون نەکاو وەک زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژییان هەرگیز نەبووە بەهۆی دۆڕاندی



بەهاونەریتە رەسەنەکانیان وەک بەشێک لەو دیواربەندە قایمەی هەمیشە خۆیان بێ پاراستووە..

با لە خۆمان بپرسین، چیمان بۆ زمانەکەمان کردووە، کە بەشێکە لە هێزی بوونمان، کەچی لەلایەکی دیشەوە، دیسان نەمانتوانیوە ئەگەر لە کلاورۆژنەی وەبەرهێنانیشەوە بێت، بازاڕێک لە دەرەوەی ورووژاندن و چەواشەکاریی و راستیشیواندن و خاترگری بۆ رۆژنامەگەریمان ببینینەوە کە لایەق بە مێژوو و ئەو هەلومەرجە بێت راپەرینی گەلەکەمان بەهەموو باڵ و ڕەهەندەکانیەوە مەیسەری کردووە..

رەنگە تەنیا ئومێد و تروسکاییەک کە مرۆڤ دڵی پێ خۆش بێ ململانێی نەوەکانە کە لەهەندێک بەلاڤۆکدا دەبینرێن کە ئەویش بەداخەوە بە شیرازەو سیستەمێکی لە قاڵبداراوو کارتێکراوەوە بەرێوە دەچێ...

# هەوڵە چاپکراوەکان

**1) لەبواری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسیدا**

* رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەنووسی کورد
نامیلەکە-چاپی 1984، بەناوی خوازراوی
(پاکزاد محمد کریم)، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان (لەشاخ)
چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر -چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1991.
* پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بەکوردی
لێکۆڵینەوە-گۆڤاری(رۆشنبیری نوێ) بەغدا، پایزی 1986.
* هەڵەی چاپ، ئەمڕۆ ئاسۆی دوا رۆژ
لێکۆڵینەوە-بەدووبەش، رۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا-1988.
* وێنەو کاریکاتێ و تایپۆگرافیاو بەکارهێنانیان لە رۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوە-بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85 و 86 و87)ی 1990.
* برایەتی: یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا-چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کە لە هەندەران دەردەچێ، چاپی دووەم
چاپخانەی خەبات 1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی، هەولێر-1997.
* ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاداک-ADAK)
پرۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن
لێکۆڵینەوە-رۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە، هەولێر-1993، چاپی دووەم بە کتێب
چاپخانەی خەبات دهۆک 1997.
* درەختی بنکۆڵکراو:
پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسییانە بۆ باری رووناکبیری و کلتووری کوردی- چاپی یەکەم کوردستان
1995، چاپی دووەم سوید 1996.
* چەند وتارو نووسینی تر هەر لەم بوارەدا لە شوێنی جیا جیا بە کوردی و عەرەبی.

**2) شیعر**

* ئەو شەوانەی خەون نایێ:
چاپخانەی (النعمان)نەجەف-1977.
* تاڤگەی مەند
چاپخانەی (شفیق) بەغدا-1987
* چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی:

چاپی یەکەم- ئیتالیا 1994
چاپی دووەم- کوردستان 1995
* هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە-2005
**3) لەبواری وەرگێڕاندا**
* نووستوی بەر باران:
شیعر- چاپی یەکەم، چاپخانەی (علاء)بەغدا-1980
چاپی دووەم- کوردستان -2005
* ڕێگاوبان، پێنج چیرۆکی درێژو شانۆنامەیەک لە نیکۆلای خایتۆڤەرە-چاپی یەکەم
چاپخانەی (الحوادث) بەغدا-1983-بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی حەیدەری.
چاپی دووەم-کوردستان 2005-دەزگای موکریانی.
* سەرتاییەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری
چاپی یەکەم- چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986
چاپی دووەم-کوردستان 2005-دەزگای موکریانی.
* چەند نامەیەک بۆ تارانتابابو:
شیعری نازم حیکمەت
چاپی یەکەم- چاپخانەی (الزمان)بەغدا-1990.
چاپی دووەم-کتێبی ئەرزان-سوید-1996
چاپی سێ یەم- کوردستان-2005
* دایکی کورد-دانییێل میتران
لە عەرەبییەوە 1996-چاپخانەی (خەبات) دهۆک.
**4) کاری شێوەکاری (کۆلاژ)**
*** پایزی چاوەکان**
کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر 1998.
* چاوەکان.. هەمیشە چاوەکان...
کڵاو ڕۆژنەیەک لە شەختەدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
5) (شرفە) بەزمانی عەرەبی-چاپخانەی (خەبات) دهۆک-1998.
6 ) بێجگە لەدەیان شیعری وەرگێردراو و نووسینی دیکەو گۆشەی جیا جیا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەکات و شوێنی جیا جیادا بەکوردی و عەرەبی.
* شرفە-بە زمانی عەرەبی، چاپخانەی خەبات دهۆک-1998
* بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.